# ( ئاییینی مەزدەکی ) و شوێنەوارەکانی بەسەر دەوڵەتی خەلافەتی عەباسییەوە لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا ( ١٣٢-٢٣٢ك/٧٥٠-٨٤٧ز )

پ.ی.د.کەیوان ئازاد ئەنوەر / سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی

پوختەی توێژینەوە

(مەزدەکی) بەیەکێك لەئایینە کۆنەکانی ئێرانی کۆن دادەنرێت، کە شوێنەوارەکانی نەك بەسەر ئیمپراتۆرێتی ساسانییەوە، بەڵکو بەسەر دەوڵەتی خەلافەتی عەباسیشەوە بەجێما. هۆکارەکەش ئەوە بوو، کە عەباسییەکان لەپیناو سەرخستنی بانگەوازەکەیان و ڕووخاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئومەوی، پشتیان بە نەتەوە ناعەرەبەکان و لەنیویاندا ئێرانییەکان بەست، تا لە بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەت و بنەماڵەی ئومەویدا سەرکەوتووبن. لەوپیناوەشدا چەندین بەڵێنیان بەواندا، کە لەکاتی گەیشتن بە دەسەڵات قەرەبووی ئەو چاکەیان بۆ بکەنەوە. لەو نێوەندەشدا (ئەبوموسلمی خۆراسانی) وەك کەسایەتییەکی دیار خۆی گەیاندە عەباسییەکان و ڕۆڵی خۆی لەسەرخەستنی بانگەوازەکەدا گێڕاو هەوڵەکانی لە سەرخستنی ئەوان بۆ دەسەڵات و دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان چڕکردەوە، بەڵام کاتێك گەیشتنە دەسەڵات لەو بەڵێنانە پاشگەزبوونەوەو لەبری پاداشت کەوتنە دژایەتیکردنی دۆست و پشتیواناکانی دوێنیان. لەیەکەم کاردانەوەشیاندا سەرکردەکەیان (ئەبوموسلمی خۆراسانی)یان کوشت. ئەو ڕووداوەش دەرفەتیکی باشی بە پەیڕەوانی مەزدەکیدا، تا کوشتنی ئەو کەسایەتییە لەپیناو گێڕانەوەی سەروەرییەکانی ڕابردوویان بقۆزنەوەو دەست بدەنە ڕاپەڕین. لەو نیوەندەشدا (ڕاوەندی و خوڕەمییەکان) وەك دوان لە لقەکانی ئایینی مەزدەکی بەرەو ڕووی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسیدا بوونەوە، بەڵام کۆتایی هەموو هەوڵەکان شکست بوو، چونکە نەیانتوانی لەبەرامبەر دەوڵەتیکی بەهێزی دامەزراوەی وەك (عەباسی)دا بووەستن.

(مەزدەکی) پەیامێکی ئایینی و پەیڕەوانی (مەزدەکی کوڕی بامداد) بوون، کە ساڵی (٤٨٨ز) و لەسەردەمی (قەبادی یەکەمی ساسانی) دەرکەوت. ئەو کەسایەتییەکی ئایینی بوو، کە لە هەناوی ئیمپراتۆرێتی ساسانییەوە دەرکەوت و بەرامبەر ئایینی زەردەشتی ئایدیۆلۆجیای دەوڵەت وەستاو بۆ ماوەی (دە) ساڵ بووە ئایینی فەرمی دەوڵەتەکە، بەڵام دواتر بەتوندی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ساسانییەوە دژایەتیکرا، تا ئەوەی خودی (مەزدەك) لەساڵی (٥٣٦ز) لەسەر فرمانی (ئەنوشیروانی ساسانی) کوژراو لەپەیڕەوانیشی درا، بەڵام لەگەڵ ئەو دژایەتیکردنەشدا ئایینەکە تا سەردەمەکانی دواتر مایەوە.

لەم توێژینەوەیەدا کە لەژێر ناونیشانی (ئایینی مەزدەکی و شوێنەوارەکانی بەسەر دەوڵەتی خەلافەتی عەباسییەوە لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا) ئامادەکراوە، پشتمان بەزیاتر لە سەد سەرچاوە بە زمانەکانی (عەرەبی و فارسی و کوردی و ئینگلیزی) بەستووە، تا دەق و بۆچوونەکانی پی پشت ئەستوور بکەین. لەم بوارەشدا سەرەتا کەسایەتی (مەزدەکی کوڕی بامداد)مان خستە بەر شیکاری مێژوویی، تا لە ڕیشەی ناوەکەی و بنەماڵەکەی و شوێنی لەدایکبوونی بکۆڵینەوە. دواتر تیشکمان خستۆتەسەر باوەڕی ئایینی مەزدەکی و تێڕوانینی ئایینناسان و مێژوونووسان و خۆرهەڵاتناسان لەسەری. بەدوایدا شوێنەوارەکانی ئەم ئایینەمان بەسەر دەوڵەتی خەلافەتی عەباسییەوە لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا خستۆتەڕوو، تابەهۆیەوە لە کاریگەری و پێگەی ئەو ئایینە و پەیڕەوانی لەسەر دەوڵەتەکە بزانین. ئەمەو بە ڕیزبەندی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی کۆتاییمان بە هێناوە.

## پێشەکی

(مەزدەکی) بە یەکێك لەو پەیامە ئایینییانەی مێژوو دادەنرێت، کە لای هەندێك باوەڕیکی ئایینی و لای پۆلێکی تر نوێگەریکی ئایینی زەردەشتی و مانی بووە. (مەزدەکی) ناوی پەیامە ئایینییەکە لەناوی ڕابەرەکەی (مەزدەك کوڕی بامداد) وەرگیراوە، کە لەنێوان سالآنی (٤٨٨-٥٣٦ز) بانگەشەی بۆ پەیامەکەی کردووە. ئەوەشی زیاتر ناوی ئەم کەسایەتییەی کردووە جێگای سەرنجی کۆمەڵێکی زۆر لەئایینناس مێژوونووس و گەشتیار و توێژەر و خۆرهەڵاتناس، گەورەیی خۆی و بایەخی پەیامەکەی نەبوو لەنێو ئایین و باوەڕەکانی پێش خۆی و دوای خۆیدا، بەڵکو بۆ ئەو بانگەشەیە گەڕایەوە، کە لەکاتی خۆیدا کردی و تێدا ئازادی دایە دارایی گشتی و ڕەگەزی مێینەی بە موڵکی گشتی دانا. واتا داوای ئەوەی کرد، کە دارایی دەوڵەت مۆڵکی گشتییە و بۆ هەموو تاکەکانە بەبی جیاوازی سوودی لێوەربگرن. ئەمەو تێکڕایی مێینە ڕەگەزەکانی مرۆڤیش لەسەر زەوی، بۆ هەموو مرۆڤە نێرینەکان بەگشتی بەبێ جیاوازی ڕەوایە. بەو پێیەشی کەسێك پێشتر بەو شێوەیە بانگەشەی بۆ ئەو ئازادییانە بەیەکەوە نەکردبوو، بۆیە لەلایەك پەیامەکەی بە زووی بڵاوبوویەوەو لەلایەکی دیکەوە زیاتر سەرنجی چەندان مێژوونووس و ئایینناس و توێژەر و گەشتیار و خۆرهەڵاتناسی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، کە ئەو ڕەوایەتییەیان لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ تا ئەوەی هەر یەك لەوان لە چوارچێوەی باوەڕ و ئایینی خۆیانەوە سەیریان کرد و لێیان ڕوانی و بۆچوونی خۆیان لەسەر دەربڕی.

لەم توێژینەوەیەداو دوای تاوتوێکردنی زیاتر لە (سەد) سەرچاوە بە چەندین زمانی زیندووی جیهان، هەوڵماندا‌وە مێژووی دەرکەوتنی ئەو ئایینە لە نێو دەیان دەقی جۆراوجۆردا بدۆزینەوە. دواتر کارمان بۆ ئەوە کردووە شوێنەواری ئەم ئایینە لەسەر دەوڵەتی عەباسی وەك سییەمین دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بدۆزینەوە. ئەو دەوڵەتەی لەنێوان سالآنی (١٣٢-٦٥٦ك/٧٥٠-١٢٥٨ز) فەرمانڕەوایەتی کرد. لەو دەوڵەتەشدا تیشك خراوەتە سەر سەردەمی عەباسی یەکەم، واتە سالآنی نێوان (١٣٢-٢٣٢ك/٧٥٠-٨٤٧ز)، کە لەو ماوەیەدا

چەند بزووتنەوە و جوڵانەوەیەكی ئایینی دەركەوتن و بەشێكیان مۆركی (ئایینی مەزدەكی)یان پێوەبوو. مەبەست لەو چوارچێوەیەش كاركردن بووە لەسەر كاریگەری باوەڕیكی ئایینی، كە تا ئاستیك بەهۆی چەند جوڵانەوە و ڕاپەڕینێكەوە، پەیامی ئایینی خۆیان گەیاندە خەلیفە و بەرپرسانی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی و دۆخێكیان بۆ سەرهەڵدانی جۆرێك لە ململانێ ڕەخساند. بەتایبەت دوای ئەوەی (ئیسلام) ئایینی فەرمی و دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە بوو. لەو بوارەشدا هەوڵمانداوە ڕاو بۆچوونە جیاوازەكان بەیەك بەراورد و شرۆڤە بكەین. دواتر بە ئەنجامێك بگەین، كە كۆتایی بە توێژینەوەكە هیناوە، لەپاڵ ئاماژەدان بەو سەرچاوانەی بۆ ئەو كارە زانستییە سوودی لێوەرگیراوە. بە هیواشین كارەكەمان لە چوارچێوەی كاریكی زانستێدا هاتیبێتە بەرهەم و چەند لایەنێكی شاراوەی ئەو پەیامە و ماوەی دیاریكراوی توێژینەوەكەی خستبێتەڕوو.

(مەزدەكی كوڕی بامداد) كی بوو؟

(مەزدەكی كوڕی بامداد) دامەزرێنەرو پێشەوای ئایینی مەزدەكی بوو، كە لای هەندێك بەپەیامبەرێكی فارسەكان ناوبراوە[1]. (ئەلتەبەری/٣١٠ك-٩٢٢ز)ش بە (مەزەق كوڕی بامداذ) ناوی هیناوە[2]، كە پێدەچێت پیتی (ك)ی ناوەكەی بە (قاف)و پیتی (دال)یشی بە (ذال)ی عەرەبی گۆڕیبێت. ئەمەو ناوی باوكیشی لای (مسكویە/٤٢١ك-١٠٣٠ز)بە (فامارد)و لای (ئەلبەیرونی/٤٤٠ك-١٠٤٨ز)ش بە (همدادان)[3]و (ئەلرازی/٦٠٦ھ/١٣١٠ز)[4]و (ئیبنولمورتەزا/٨٦٠ك/١٤٣٧ز)ش[5] بە (نامدادان) تۆماریان كردووە. (د.سەیدعەلی تەقوی مەهدی خەیال ئامروهۆی)ش وەك توێژەرێكی هیندی، كە نامەی دكتۆراكەی بۆ

---

(١) الدينوري: الأخبار الطوال، قدم له و وثق نصوصه و ضح حواشيه: د.عصام محمد الحاج علي، الطبعة الأولى، منشورات محمد علي بيضون، دار الكتب العلمية-بيروت، (٢٠٠١م)، ص١١٧، اليعقوبي: تاريخ اليعقوبي، الطبعة الأولى، مطبعة الغري-النجف، (١٣٥٨هـ)، ١٤٣/١، المسعودي: مروج الذهب و معادن الجوهر، عني بة: د.محمد هشام النعسان و عبدالحميد طعمة حلبي، الطبعة الثانية، دار المعرفة-بيروت، (٢٠٠٥م)، ٢٣٧/١، أبن النديم: الفهرست، تحقيق: رضا تجدد بن علي بن زين العابدين الحائري المازندراني، الطبعة الثالثة، دار المسيرة-بيروت، (١٩٨٨م)، صص٤٠٦-٤٠٧، المقدسي: البدء والتاريخ، نشره و علق عليه: كليمان هوار، قدم له هذه الطبعة: د.محمود اسماعيل، الطبعة الثانية، مطابع الهيئة المصرية العامة-القاهرة، (٢٠١٠م)، ١٦٧/٣-١٦٨، الطوسي: خواجه نظام الملك الطوسي: سياست نامه-سير الملوك، ترجمة: د.يوسف حسين البكار، الطبعة الاولى، دار القدس-بيروت، (بلا)، ص٢١٤، محمود شيت خطاب: قادة فتح بلاد فارس، الطبعة الأولى، بيروت، (١٩٦٥م)، ص٤٢، د.حسن ابراهيم حسن: تاريخ الاسلام، الطبعة الخامسة عشر، دار الجيل-بيروت، (بلا)، ١٨٩/٢، عاطف شكري ابوعوض: الزندقة و الزنادقة، الطبعة الاولى، دار الفكر-عمان، (بلا)، صص(٥٩-٦٣).

(٢) الطبري: تاريخ الطبري، تحقيق: مصطفي السيد و طارق سالم، الطبعة الاولى، المكتبة التوفيقية-القاهرة، (بلا)، ٣١٨/١.

(٣) ابي الريحان محمد بن احمد: الاثار الباقية، ترجمة: اكبر داناسرشت، **چاپ پنجم**، أنتشارات امير كبير-تهران، (١٣٦٣هـ.ش)، ص٣١١.

(٤) فخرالدين ابوعبدالله محمد بن عمر بن حسين: اعتقادات فرق المسلمين و المشركين، الطبعة الاولى، دار الكتاب العربي- بيروت، (٢٠٠٦م)، ص١٢٤.

(٥) احمد بن يحيي بن احمد: المنية و الامل في شرح الملل و النحل، الطبعة الاولى، دار الفكر-بيروت، (١٩٧٩م)، ص٦٣.

(بیروباوەڕەكانی مەزدەك) تەرخانكردووە، بە (بامدام)ناوی هیناوە[1]. لەنێو ئەوانەشدا جگە لە دەربڕینەكانی (مسكویە وئەلبەیرونی) دەربڕینەكانی تر هەر (بامداد) بوون و وەك دەربڕینەكەی (ئەلتەبەری) گۆڕانكاری پێت یان زیادەی بۆكراوە. سەبارەت بە ناوی دایكیشی بە (بافرز)[2]هاتووەو خەڵكی شاری (نیشاپوور)[3] بووە[4]. ئەوەندەش زانراوە، كە (مەزدەك) لە ژیانی خۆیدا هاوسەرگیری كردووەو خێزانەكەی ناوی (خورمە كچی پاتك) بووە[5]، بەڵام سەبارەت بە بوونی منداڵ و نەوە، هیچی وەهای لەسەر تۆمار نەكراوە. ئەو ساڵی (٤٦٧ز)[6] لەدایكبووە، بەڵام لەسەر شوێنی لەدایكبوونی بۆچوونی جیاواز هەیە. هەندێك زێدی لەدایكبوونی لەدایكبوونی بە (ماداریا)[7]و هەندێكی تر بۆ شاری (فەسا)[8]ی دەگێڕنەوە. لەكاتێكدا پۆلێكی تر پێیان وایە لە

---

(١) **بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە:** ((د.سیدعلي تقوى مهدى خيال امروهوى: عقايد مزدك، **چاپ** دوم، مؤسسة مطبوعاتي عطائى–**چاپخانه پيام، تهران، (١٣٥٢هـ.ش)، صص(١٧–٣٦، ١٠٠–١٠١) )).**

(٢) ابي علي احمد بن محمد بن يعقوب بن مسكويه: تجارب الامم و تعاقب الهمم، تحيق: سيد كسروي حسن، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية– بيروت، (٢٠٠٣م)، ١٢٨/١.

(٣) **(نیشاپوور) یەكێك بوو لە (چوار) شارەكەی هەرێمی خۆراسان، كە بە شاری (دیمەشقی بچووك) ناسرابوو بەهۆی زۆری ڕەز و باخ و ئاوە سازگارەكەی. ئەمەو بە شاری زانا و دانا و پزیشك و هەڵكەوتووەكان ناسرابوو. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە:** (ياقوت الحموي: معجم البلدان، قدم لها: محمد عبدالرحمن المرعشلي، الطبعة الاولى، دار الاحياء التراث العربي–بيروت، (٢٠٠٨م)، ٤٢٢/٨، محمد بن بطوطه: تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الأصفار، الطبعة الاولى، دار الشروق العربي–بيروت، (بلا)، ص٣٠١).

(٤) مسكويه: **س.پ،** ١٢٨/١، **حسن پيرنيا و عباس اقبال اشتيانى: تاريخ ايران–از اغاز تا** انقراض **ساسانيان از صدر اسلام تا** انقراض **قاجاريه، چاپ دوم، انتشارات ميلاد–تهران، (١٣٨٥هـ.ش)، ص٢٠٢،** عبدالعظيم الرضائي: **اهل سنت و دينهاى ايرانيان باستان، چاپ ششم، تهران، (١٣٨١هـ.ش)، ص٣٧١،** سالم احمد المحل: العلاقات العربية الساسانية خلال القرنين الخامس و السادس للميلاد، رسالة ماجستر غير المنشورة مقدمة الي كلية الاداب–جامعة الموصل–الموصل، (١٩٨١م)، ص٩٣، محمد وصفي ابومغلي: ايران دراسة عامة، الطبعة الاولى، مطبعة جامعة البصرة–البصرة، (١٩٨٥م)، ص١٤٠، احمد امين: فجر الاسلام، الطبعة الاولى، دار الكتاب العربي–بيروت، مكتبة النهضة المصرية–القاهرة، (٢٠٠١م)، صص١٠٩، د.قحطان عبدالستار الحديثي و د.صلاح عبدالهادى الحيدري: دراسات في تاريخ الساساني والبيزنطي، الطبعة الأولى، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة البصرة–البصرة، (١٩٨٦م)، صص(٢١٧–٢١٩)، ابكار السقاف: الدين في الهند و الصين و ايران، الطبعة الاولى، مؤسسة الانتشار العربي–بيروت، (٢٠٠٤م)، ص٢٠٨، صديق الدملوجي: اليزدية، الطبعة الاولى، (٢٠١٠م)، صص٢١٦–٢١٦، رشدي عليان و سعدون الساموك: الاديان–دراسة تاريخية مقارنة عند الاديان القديمة، الطبعة الاولى، جامعة بغداد–بغداد، (بلا)، صص١٣٧–١٣٨.

(٥) **بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە:** ((الطوسي: **س.پ،** ل٢٣، خيال امروهوى: **س.پ،** لل(١٧–٣٦، ١٠٠–١٠١) )).

(٦) يوسف الامير عدنان أبوعشمه: مزدك و المزدكية، الطبعة الاولى، دمشق، (٢٠١٤م)، ص١٢.

(٧) الجاحظ: **س.پ،** ل٣٠٧، المسعودي: **س.پ،** ٢٣٧/١، أبن النديم: **س.پ،** صص٤٠٦–٤٠٧، المقدسي: **س.پ،** ١٦٧/٣–١٦٨، **ئاخوند ئاخوند محەمەد ساڵح زەنگەنە بەلوچ: كورد گال نامك–كورد بێژنامە–گەنجینە و شاكارێكی بەنرخی مێژوویی دێرینی كورد و بەلوچ، وەرگێڕانی: هیوا محەمەد زەندی، چاپی یەكەم، چاپخانەی ئاراس–هەولێر، (٢٠١٢ز)، لل١٧٨–١٧٩،** محمود شيت خطاب: **س.پ،** ل٤٢، عاطف شكري ابوعوض: **س.پ،** ص٥٩.

(٨) البيروني: **س.پ،** ل٣١١، الشهرستاني: الملل و النحل، صححه و علق عليه: الاستاذ احمد فهمي محمد، الطبعة السابعة، دار الكتب العلمية– بيروت، (٢٠٠٧م)، ٢٧٥/٢، **د. محمد جواد مشكور: خلاصه اديان در تاريخ دينهاى بزرگ، چاپ ششم، انتشارات شرق–چاپخانه نادر–تهران، (١٣٧٧هـ.ش)، ص٢٥٠، عباس قديانى: تاريخ اديان** مذاهب در ايران: **چاپ اول، انتشارات انيس–تهران، (١٣٧٤هـ.ش)،**

لە شاری (ئوستوخر)[1] لـەدایکبووەو بەشـێکیش بـە خـەڵکی شـاری (نیشـاپوور)[2]یـان زانیـووە. جیـاوازی بۆچوونەکانیش لەوەدا بووە، کە هەریەك لەو مەڵبەندانە، جگە لـە (فەسا و ئوستوخر) سەر بە هەرێمیك بـوون. تەنانەت ئەوانەی زێدی (مەزدەك)یان لـەنێوان (فەسا و ئوستەخر) لـێ گـۆڕاوە لەسـەر ئـەو بـاوەڕە بـووە، کـە (زەردەشت خورگان) مامۆستای ئاییینی خەڵکی شاری (فەسا) بووە [3]، بۆیە بەشێك لەوان زێدی ئەویان لەگەڵ زێدی مامۆستاکەی تێکەڵاوکردووە. دیارە ئەوەش دوای پشتبەستن بەو ڕاستییەی، کە (فەسا) شارێکی سـەر بـە کـورەی (دارابگـرد)ی هـەرێمی فـارس بـوو[4]و(ئەسـتەخر)یش سـەر بـە هـەمان هـەرێم و زێـدی بنەماڵـەی ساسانییەکان بووە[5]، بەڵام (مادارِیا) هەمان (مازاریا)ی ڕۆخی ڕاستی ڕووباری دیجلەیەی نێوان هەردوو شـاری (کوت و عیمارە)ی ئیمرۆ بووە و بە شار و مەڵبەندیکی ئاوەدان و شوێنی نیشتەجیی گـەورە پیـاوانی ساسـانی ناسراوە لەکاتی خۆیداو تا سەدەی یانزەیەمی زاییینی ئاوەدان بوو[6]،(نیشـاپوور)یش یـەکێك بـووە لـە (چـوار) شارەکەی هەرێمی خۆراسان، کە بە شاری (دیمەشـقی بچـووك) ناسـراوەو بـەهۆی زۆری ڕەز و بـاخ و ئـاوە سازگارەکەی، شوێنی هەڵکەوتەی دەیان زاناو پزیشك و کەسایەتی بووە[7]. لەمەوە دەگەینە ئەوەی، کە زێـدی لەدایکبوونی (نیشاپوور) بوونیێت بەهۆی ئەوەی لەلایەك دایکی خەڵکی ئـەو شـارە بـووە، لەلایـەکی دیکـەوە باوکیشی کەسایەتییەکی دیار و گەورە نەبووە، تا بتوانێت لە شارەکانی (مادارِیا، فەسـا، ئوسـتوخر)ەوە ئەگـەر خەڵکی ئەو شارانە بوویێت، بچێتە (نیشاپوور)و هاوسەرگیری لەگـەڵ (بـافرز)ی دایکـی بکـات. ئەمـەو هـیچ سەرچاوەیەکیش ئاماژەی بەوە نەکردووە، کە بنەماڵەی دایکی چووبنە ئەو شارانە و لەگـەڵ بـاوکی مەزدەکـدا

---

**صص(١٨٤-١٨٦)، تاريخ فرهنگ و تمدن ايران در دوره ساسانيان، چاپ چهارم، انتشارات فرهنگ مكتوب-تهران، (١٣٨٧هـ.ش)، ص٥٦.**

(١) الدينوري: **س.پ**، ل١١٧، ابن النديم: **س.پ**، لل٤٠٦-٤٠٧، مشكور: **س.پ**، ل٢٥٠، قدياني: تاريخ اديان، صص(١٨٤-١٨٦)، تاريخ **فرهنگ**، ص٥٦.

(٢) **پيرنيا: س.پ، ل٢٠٢، احمد امين: س.پ، ص١٠٩**، د. عبدالمنعم الحفني: موسوعة الفرق و الجماعات و المذاهب و الاحزاب و الحركات الاسلامية، الطبعة الاولى، مكتبة مدبولي-القاهرة، (١٩٩٩م)، صص٥٩٩-٦٠٠، السقاف: **س.پ**، ل٢٠٨، عليان و الساموك: **س.پ**، لل١٣٧-١٣٨.

(٣ ) مشكور: **س.پ**، ل٢٥٠، قدياني: تاريخ اديان، صص(١٨٤-١٨٦)، تاريخ **فرهنگ**، ص٥٦.

(٤) **بۆ ئەو مەبەستە، بڕوانە:** (الاصطخري: المسالك و الممالك، تحقيق: محمد جابر عبدالعال الحيني، مراجعة: محمد شفيق غربال، الطبعة الاولى، دمشق، (١٩٦١م)، ص٦٧).

(٥) **بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە:** (الاصطخري: **س.پ**، ل٩٨، ياقوت الحموي: **س.پ**، ١٧١/١).

(٦) **بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە:** (ياقوت الحموي: **س.پ**، ١٩٠/٧، كي، لسترنك: بلدان الخلافة الشرقية، نقله الى العربية: بشير فرنسيس و كوركيس عواد، الطبعة الأولى، مطبعة الرابطة-بغداد، (١٩٥٤م)، ص٣٨).

(٧) **بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە:** (ياقوت الحموي: **س.پ**، ٤٢٢/٨، محمد بن بطوطه: تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الأصفار، الطبعة الاولى، دار الشروق العربي-بيروت، (بلا)، ص٣٠١).

ئاشنایەتیان پەیدا کردبێت، تا هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، بۆیە ڕاستتر وایە زێدی ئەو بە (نیشاپوور) بزانرێت.

**دەرکەوتنی (مەزدەکی کوڕی بامداد) ڕاگەیاندنی پەیامەکەی**

گەڕانەوە بۆ مێژووی دەرکەوتنی (مەزدەك) وەك بانگەشەکارێکی ئایینی، گەڕانەوەیە بۆ سەردەمێکی دیاریکراو، کە سەردەمی بیستەمین پادشای ساسانی بەناوی (قوبادی کوڕی پیرۆز) بوو، کە بە (قوبادی یەکەم) ناسرا[1]، چونکە دوای ئەویش پادشایەکی دی بەناوی (قوبادی کوڕی خەسرەو پەرویز) ناسراو بە (شیرویە)ی بۆ ماوەی (هەشت) مانگ لەساڵی (٦٢٨ز)دا فەرمانڕەوایەتی ئیمپراتۆڕێتی ساسانی کرد[2]، بۆیە ئەمیان بە (قوبادی یەکەم) و (شیرویە)ش بە (قوبادی دووەم) ناسرا. ئەو پادشایەش بۆ ماوەی (دە) ساڵ باوەڕی پێهیناو بە سەردەمی زێڕینی ئەو ئایینەش ناسرا[3]. (مەزدەکی)ش لەناوی دامەزرێنەر و بانگەشەکارەکەی (مەزدەك کوڕی بامداد) وەرگیرا، کە دوای (مانی کوڕی پاتك)[4] بانگەشەی بۆ پەیامێکی نوێکرد و وای ڕاگەیاند، کە لەلایەن لەلایەن (ئاهورامازادا)وە سروشی بۆ هاتووە[5]. ئەمەو هەوڵیدا گۆڕانکاری لە ئایین و بیروباوەڕی ئێرانی کۆندا ئەنجام بدات، تا ئەوەی کۆمەڵگاکەی لەو سەردەمەدا شێوەیەکی دی بەخۆوە گرت و ئاڵوگۆڕی لە

---

(١) الدينوري: **س.پ**، ل١١٧، اليعقوبي: **س.پ**، ١٤٣/١، الطبري: **س.پ**، ٩٣/٢، ١٩٤٩م، ص٩١، المسعودي: **س.پ**، ٢٣٧/١، ابن النديم: **س.پ**، لل٤٠٦-٤٠٧، مسكويه: **س.پ**، ١٢٤/١، البيروني: **س.پ**، ل٣١١، ابن الاثير: الكامل في التاريخ، تحقيق: ابي الفداء عبداللة القاضي، الطبعة الرابعة، دار الكتب العلمية-بيروت، (٢٠٠٣م)، ٣١٧/١، **مستوفى القزوينى: تاريخ گزيده، با اهتمام: د.عبدالحسين نوابى، چاپ چهارم، چاپخانه سپهر- تهران، ( ١٣٨١ه.ش)، ص١١٥، ارنولد توين بى: تاريخ تمدن، ترجمه: يعقوب اژند، چاپ چهارم، انتشارات مولى-چاپخانه ايران مصور، تهران، (١٣٧٨ه.ش)، ص٣٩٩**، د. يحيي هويدا: محاضرات في الفلسفة الاسلامية، الطبعة الاولى، بلا، (١٩٦٦م)، ص٥١.

(٢) المقدسي: **س.پ**، ١٧١/٣، مؤلف مجهول: التاريخ السعردي، اعد للنشر و حققة: ادي شير، الطبعة الثانية، مطبعة سردم-السليمانية، اقليم كردستان العراق، العراق، (٢٠١٠م)، ١٥٠/٢.

**(٣) ن. و. پيكولوسكايا و ديگران: ايران از دوران باستان تاپايان سده هجدهم، ترجمه: كريم كشاورز، چاپ پنجم، أنتشارات پيام، چاپخانه مروى- تهران، (١٣٦٣ه.ش)، ص١٠٠، د. مريم مير احمدى: كتابشانسى تاريخ ايران در زمان باستان، چاپ اول، انتشارات امير كبير- چاپخانه سپهر، تهران، (١٣٦٩ه.ش)، صص(١٧٠، ٢٠٩-٢١٠).**

**(٤) (مانی کوڕی پاتك کوڕی ئابراسام) کەسایەتییەکی ئایینی و دیاری سەدەی سێیەمی زایینی بووە، کە لەساڵی (٢١٦ز) لە گوندی (مەردینۆ)ی نزیك شاری (بابل) لەدایکبووە. ئەو ساڵی (٢٤١ز) بانگەشەی بۆ ئایینەکەی کردو خۆی بە دوایەمین پەیامبەرانی مێژووی مرۆڤایەتی زانی، تەنانەت (شاپووری یەکەمی ساسانی) لەساڵی (٢٤٢ز) باوەڕی پێهێناو پەیامەکەی بۆ ماوەی (دە) ساڵ کردە ئایینی فەڕمی دەسەلاتەکەی. دواتر لەساڵی (٢٥٢ز) لێ هەڵگەڕایەوە، تا ئەوەی لەساڵی (٢٧٧ز) لەسەر فرمانی (بارامی یەکەم) لەچاخدراو کۆتایی بەژیانی هات. بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە: ((گئو ویدن گرن: مانى وتعليمات او، ترجمه: نزهت صفاى اصفهانى، چاپ أول، چاپ نوبهار- تهران، (١٣٧٧ه. ش)، کەیوان ئازاد ئەنوەر: مانیزم (لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی- ئایینی)یە، چاپی یەکەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، (٢٠٠٤ز)، لل(٦٣-١٠٩، ٢٠١-٢٢٥) )).**

(٥) الطوسي: **س.پ**، ل٢١٥.

تێڕوانین و باوەڕی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا هینایە کایە[١]. دەرکەوتنیشی بۆ هەلومەرجیکی تایبەتی و گشتی ناوخۆیی ئیمپراتۆریێتی ساسانی گەڕایەوە، کە هەڵەی گەورەی موغەکانی زەردەشتی و ڕووکردنە ڕیاکاری و داوێن پیسی و کۆکردنەوەی سامان و داهات بوو. بەوەش ئەوانی لە ئەرکە ڕاستەقینەکەی ئاییینەکەیان دوورخستەوە[٢]. دیارە ئەوەش دوای پشتبەستن بەو ڕاستییەی کە (زەردەشتی) ئاییینی فەرمی ئەو دەوڵەتە بوو[٣]. ئەمەو جگە لەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگای ساسانی دووچاری لێکترازان بوو، بەوەی بەر لە هاتنە سەرکاری (قوبادی یەکەم) بۆ دوو توێژی دەسترۆیشتووی دەوڵەمەند و بێدەسەلاتی هەژار و کەمدرامەت دابەش بوو[٤]. توێژی دەوڵەمەند و خاوەن داراییە بەهێزەکان لە (بنەماڵەی ساسانی و بەرپرسانی دەوڵەت و فەرماندەکانی سووپا و خاوەن موڵك و سەرۆك هۆز و سەرۆك خێڵەکان و پیاوانی ئاییینی زەردەشتی) پێکهاتبوون، کە خاوەنی (ماڵ و هاوسەری زۆر و کەنیزەك و خزمەتکار و پاسەوان و زەوی و باخ و ئەسپ) بوون. هەرچی توێژی هەژار و کەمدەرامەتەکانە خاوەنی هیچ یەك لەو شتانە نەبوون[٥]. ئەو جیاوازییە چینایەتییەش پێویستی بە بڕیارێکی پادشا هەبوو، تا بە قبوڵکردنی پەیامەکەی مەزدەك بەرگری لە مافی تاکەکانی دەسەلاتەکەی بکات و دژایەتی ئەو ستەمە بکات، کە دەوڵەمەند و خاوەن موڵکەکانی ولات لە دژی هاولاتییە ئاساییەکان ئەنجامیان دەدا. هەربۆیە لەو پەیامەدا وویستی زۆرینەی کۆمەڵگا لەسەر حیسابی کەمینەکان ڕازی بکات. بەو کارەش مافە زەوتکراوەکان بۆ خاوەنەکانیان بگێڕێتەوە، بەلام پەیڕەوانی توانای گەیاندنی ئەو

---

(١) خیال امروهوی: س.پ، لل٦-٧.

(٢) مینوی خرد، ترجمە: ویست، بلا، ١٨٣/٥٩. ئەم بەرهەمە بۆ کۆتایی سەردەمی دەسەلاتی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە، کە بە تۆمارێکی مێژووی ئاییینی زەردەشتی ئەو سەردەمە ئەژمارکراوە و تەنانەت وەك بەرهەمێکی پیرۆزی خودی باوەڕدارانی زەردەشتیش سەیر کراوە. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (خیال امروهوی: س.پ، ل١٣).

(٣) کرسیتنسن: س.پ، لل١٣٠-١٣١، غلامرضا انصاف پور: تاریخ زندگی اقتصادی روستائیان و طبقات اجتماعیات ایران از دوران ماقبل تاریخ تا پایان ساسانیان، چاپ أول، تهران، (١٣٥٢ه.ش)، ص٣٦٠، مشکور: س.پ، ص١٠٤، د. جهانگیر اوشیدری: دانشنامه مزدیسنا، چاپ أول، چاپخانەی سعدی-تهران، (١٣٧٧ه.ش)، ص٢٢٢، گئو ویدن گرن: دینهای أیرانی، ترجمە: د.منوچهر فرهنگ، چاپ أول، چاپخانە وزارت فرهنگ ارشاد اسلامی- تهران، (١٣٧٧ه.ش)، ص٣٤٠.

(٤) ارتور کریستنسن: سلطنت قباد و ظهور مزدك، ترجمە: نصرالله فلسفی، چاپ اول، نشریات مؤسسة خاور-تهران، (١٣٣٨ه.ش)، صص(٨١-٨٤)، یوزف ویسهوفر: أیران باستان (از ٥٥٠ بیش از میلاد تا ٤٥٠ پش از میلاد)، ترجمە: مرتضى ثاقب فر، چاپ سوم، أنتشارات ققنوس-چاپخانە شمشاد-تهران، (١٣٧٨ه.ش)، ص٢١٥.

(٥) بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((م. و. نچکینا و دیگران: تاریخ مختصر ایران، ترجمە: محمد تقی فرامرزی، چاپ اول، چاپخانە نقش جهان-أنشتاران دنیا، تهران، (٢٥٣٦شاهنشاهی)، ٢٠١/١، هانری ماسه و دیگران: تمدن ساسانی، ترجمە: عیسی بهنام، چاپ اول، انتشارات بنگاه-مطبوعاتی گوتنبرگ-تهران، (١٣٣٩ه.ش)، صص(٢٢٦-٢٣٣) )).

پەیامەی مەزدەکیان نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەژارانیان بە شێوازیك كرد بەگژ خاوەن موڵك و پارەدارەکاندا، کە دواجار بێسەروبەری و پاشەگەردانی لێکەوتەوە[١].

جیاواز لەوانەش نابێت ئەو ڕووداوە نادیدە بگیرێت، کە بەر لەوەی (قوبادی یەکەم) بگاتە پایەی پادشایەتی (دوو) ساڵ لای هۆزی هەیاتلە ژیانێکی بیابانی بەسەربردبوو. لەو ماوەیەش ئاشنای ژیانی سەختی بیابان نشینی و کۆچەری بوو. هەر لەو ماوەیەشدا وڵاتەکەی دووچاری کێشەی ووشکە ساڵی هاتبوو، کە ئەوەش دۆخێکی ناهەمواری ئابووری بۆ دەوڵەتەکەی دروستکردبوو، بۆیە کاتێك گەیشتە دەسەڵات و دۆخی دارماو پەرتەوازەیی وڵاتەکەی بینی، بە بانگەشەکانی (مەزدەك) سنوورێك بۆ دۆخی دارماوی وڵات و ستەم و چەوساندنەوەی خاوەن موڵك و کەسایەتی و سەرۆك هۆز و بەرپرسانی ساسانی دابنێت[٢]و چارەسەری ئەو کێشە کەڵەکەبووانە بکات[٣].دۆخەکەش پێویستی بەوە هەبوو، کە ڕووداوێك یان فرمانێکی شاهانە، یان ئایین و پەیامێکی نوێ ڕێگری لیبکات و ئەو جیاوازییە کەم بکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە لە سەردەمی ساسانییەکانیشدا یاساکانی دەوڵەت لە تۆمارێکی ڕێکخراو و نوسراودا کۆنەکرابوونەوە، تا وەك دەق یاساکانی سزاو یاسا مەدەنییەکان جیابکرێتەوە، بەڵکو چەند یاساییەك بوون، کە دەوڵەت لەسەری دەڕۆیشت و کاری پێدەکرد، ئەویش بەپێ سەردەمی پادشاکان و فرمانی ئەوان گۆڕانکاری بەسەردا دەهات[٤]. واتە فرمانی پادشاکان یاسای وڵات بوون، بۆیە یەکەمین و دوایەمین بڕیار هەر بۆ پادشاکانی ساسانی دەگەڕایەوە. لەمەوە (قوباد) پەیامەکەی (مەزدەك)ی وەرنەگرت و قبوڵی نەکرد، نەبووە ئاییینی فەرمی دەسەڵاتەکەی[٥]. بەوەش زەمینەی بڵاوبوونەوەی بۆ ڕەخسا، چونکە پادشایەکی ساسانی هۆکاری

---

(١) توين بى: س.پ، ل٤٠٠، عنايت الله رضا: ايران و تركان در زمان ساسانيان، چاپ چهارم، شركت انتشارات علمى و فرهنگى–تهران، (١٣٨٤ه.ش)، ص٨٦.

(٢) مرى بويس: زردشتيان باورها و اداب دينى ان ها، ترجمه: عسكر بهرامى، چاپ ششم، انتشارات ققنوس–چاپ شمشاد، تهران، (١٣٨٤ه.ش)، ص١٦٢، اوشيدرى: س.پ، لل٤٣٢–٤٣٣، مشكور: س.پ، ل٢٥٠، قديانى: تاريخ اديان، صص١٨٤–١٨٥.

(٣) پيكولوسكايا و ديگران: س.پ، ل٩٦، عبدالحسين زرين كوب: تاريخ مردم ايران– ايران قبل از اسلام– كشمكش باقدرتها، چاپ أول، مؤسسه أنتشارات امير كبير–چاپخانه سپهر، تهران، (١٣٧٤ه.ش)، ٤٦٧/١، ويدن گرن: دينهاى أيرانى، صص(٤٢٢–٤٢٥)، مشكور: س.پ، ل٢٥٠، قديانى: تاريخ اديان، صص١٨٤–١٨٥، تورج دريايى: شاهنشاهى ساسانى، ترجمه: مرتضي ثاقب فر، چاپ پنجم، انتشارات ققنوس–تهران، (١٣٩٠ه.ش)، ص٤٢.

(٤) كريستيان بارتلمه: زن در حقوق ساسانى، ترجمه و ملحقات با مقدمهاى در تيپ شناسى و حقوقى و روانشناسى جنسى ايرانى ساسانى: د.ناصرالدين صاحب الزمانى، چاپ اول، مؤسسة مطبوعاتي عطائي–تهران، (١٣٤٢ه.ش)، ص٢٣.

(٥) ابوالحسين الملطي: التنبية و الرد علي اهل الاهواء و البدع، تحقيق: محمد زاهد الكوثري، الطبعة الاولى، بلا، (١٩٤٩م)، ص٩١، ابن النديم: النديم: س.پ، لل٤٠٦–٤٠٧، مسكويه: س.پ، ١٢٤/١، البيروني: س.پ، ل٣١١، الشهرستاني: س.پ، ٢٧٥/٢، ابن الاثير: س.پ، ٣١٧/١، مستوفي القزويني: س.پ، ل١١٥، أبن خلدون: تاريخ العبر وديوان المبتدا والخبر في أيام العرب و العجم والبربر ومن عاصرهم من ذوي السلطان الأكبر، اعتنى به: عادل بن سعد، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية–بيروت، (بلا)، ١٨٩/٢، د. يحيي هويدا: محاضرات في الفلسفة الاسلامية، الطبعة الاولى، بلا، ١٩٦٦م، ص٥١، ارثر كريستنسن: ايران في عهد الساسانيين، ترجمة: يحيى الخشاب، مراجعة:

هۆکاری قبوڵکردن و بڵاوبونەوەی بوو. تەنانەت ئەو پادشایە بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامە داوای لە (مونزری سییەم کوڕی مائەلسما) میری میرنشینی حیرە کرد، باوەڕی پێ بهێنێت، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە، بۆیە لەبەرامبەردا لە دەسەڵات دووری خستەوە (حارسی کوڕی عومرۆی کیندی) خستە شوێنی، چونکە باوەڕی بە پەیامەکەی (مەزدەك) هینابوو[1].

تەمەنی سەروەری ئەم ئایینە زۆر نەبوو، چونکە دوای (دە) ساڵ لەژێر کاریگەر و فشاری موغەکانی زەردەشتی و گەورە دەسەڵاتدارانی وڵات لە (قوباد) دراو لە تەختی شاهانە هێنرایە خوارەوە و زیندانیکرا[2]. لەبەرامبەردا (جاماسب)ی برا بچووکیان لە شوێنی داناو تاجی پادشایەتیان لەساڵی (٤٩٧ز) کردەسەر[3]، چونکە نەیاری براکەی و ئایینی مەزدەکی و باوەڕداریکی زەردەشتی و گویڕایەڵێکی باشی موغەکانیش بوو[4]. بە گەیشتنی (جاماسب) بۆ تەختی شاهانەش گەورە بەرپرسانی وڵات و موغەکانی زەردەشتی داوای کوشتنی (قوباد)یان لێکرد، بەڵام ئەو نەیکوشت و زیندانیکرد[5]. ئەوەش دەرفەتی دایە (قوباد) لە مردن ڕزگاری بێت و دوای ساڵێك لە زیندانی لەگەڵ (سیاوەش)ی هاوڕیی و بەهاوکاری ژنەکەی و (زرمیهر کوڕی سوفرا) والی فارس و یەکێك لە پشتیوانە گەورەکانی بۆ دەسەڵات، ڕزگاری بێت و پەنا بۆ هەیاتڵەکان بات. لەو کارەشدا مەسیحییەکان هاوکاری و پشتیوانی باشیان کرد[6]، چونکە لەلایەك (قوباد) بۆ مەسیحییەکان زۆر باش و ئازادی تەواوی ئایینی پێدابوون، لەلایەکی دی ئەوان لەسەر دەستی موغەکان دووچاری کێشە و چەوساندنەوە بوون[7]. دوای گەیشتنیشی بۆ لای هەیاتڵەکان ڕێزی لێگیراو پشتیوانی گەڕانەوەی بۆ سەر تەختی شاهانە بۆکرا[8]. تەنانەت (خۆشنوازخانی هەیاتڵە) کچەکەی خۆی بەناوی (نەبوندوخت) پێدا[9]. هەربۆیە دوای

---

عبدالوهاب عزام، الطبعة الأولى، مطبعة لجنة التاليف والترجمة والنشر- القاهرة، (١٩٥٧م)، ص٣٣١، د. علي سامي النشار: نشاة الفكر الفلسفي في الاسلام، الطبعة الثالثة، دار المعارف-بيروت، (١٩٦٥م)، ١/١٨٥، الشيخ محمد الخضر حسين: محمد رسول اللة، الطبعة الاولى، مطبعة العلم-دمشق، سورية، ١٩٧١م، ص٢٦، **قديانى: تاريخ فرهنگ، ص٥٦، ابومغلى: س.پ، ل٤١٠، حسن نراقى: چكيده تاريخ ايران از كوچ اريايى ها تا پايان سلسله پهلوى، چاپ نهم، نشر اختران-تهران، (١٣٨٦ه.ش)، ص٥٣**، مفيد رائف محمود العابد: معالم تاريخ الدولة الساسانية، الطبعة الاولى، دار الفكر المعاصر-بيروت، دار الشروق-دمشق، (١٩٩٩م)، ص٥٨.

(١) الطاهر احمد المكي: امرؤ القيس-حياتة و شعرة، الطبعة الثانية، دار المعارف- القاهرة، (١٩٧٠م)، صص(٦٣-٦٥).

**(٢) بەلوچ: س.پ، ل١٧٩، دریایی: س.پ، ل٣٤.**

**(٣) ابن خلدون: س.پ، ٢/١٨٩، المقدسی: س.پ، ٣/١٦٧، دریایی: س.پ، ل٤٣.**

**(٤) الدینوری: س.پ، ل١١٤، کریستنسن: س.پ، ل٣٣٣، العابد: س.پ، ل٥٩.**

**(٥) ابن خلدون: س.پ، ٢/١٨٩، پیرنیا: س.پ، ل٢٠٢، قدیانی: تاریخ فرهنگ، ص٥٦.**

**(٦) بۆ ئەو مەبەستە، بڕوانە: ((ادی شیر: س.پ، (٢/١٥٦-١٦١)، خیال امروهوی: س.پ، ل٩٧، قدیانی: تاریخ فرهنگ، ص٥٦)).**

(٧) المسعودي: **س.پ**، ١/٢٣٧، كريستنسن: **س.پ**، ل٣٣١، ابومغلي: **س.پ**، ل٤١٠، قدياني: تاريخ اديان، ص١٥٦، نراقي: **س.پ**، ل٥٣، العابد: **س.پ**، ل٥٨.

**(٨) کریستنسن: س.پ، ل٣٣٥.**

**(٩) خیال امروهوی: س.پ، ل٩٨.**

ساڵێکیش لەمانەوەی لای ئەوان توانی بە هێزیکی (٤٠٠٠٠) کەسی بگەڕێتەوەو لەساڵی (٤٩٩ز)دا (تەیسەفون)ی پایتەخت بگرێتەوە. لەبەرامبەردا (جاماسب)ی برای خۆی پێنەگیراو ڕایکرد[١]. لە یەکەمین ڕاگەیەنراویشدا گەڕانەوەی بۆ ئایینی زەردەشتی ڕاگەیاند و ئایینی مەزدەکیشی بە لادەر و تیکدانی ئاسایشی وڵات و باوەڕی خەڵکی پێناسە کرد[٢]. ئەو گۆڕانکارییەش لەو هەڵوێستەی (قوباد) لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە ئەو ئایینە هۆکاری تێکچوونێکی تری بارودۆخی وڵات و سەرهەڵدانی نائارامی و پەشێوی و دەستێوەردانی دەرەکی بوو بۆ کاروباری ناوخۆیی وڵات و دوورخستنەوەی لە دەسەڵات[٣]. ئەمەو زیادبوونی زیادبوونی لەڕادە بەدەری پەیڕەوانی مەزدەکی، هۆکاری لاوازبوونی سیستەمی سیاسی وڵات و دارمانی ئابووری بوو[٤]. تەنانەت خودی بەرپرسە گەورەکانی وڵات و موغەکانی زەردەشتیش بەو مەرجە پشتیوانیان ڕاگەیاند، تا لە مەزدەك و پەیڕەوانی بدات[٥]، بۆیە پێویست بوو سنوورێك بۆ ئەو زیادەڕۆییانەی دابنێت. هەربۆیە دوای ئەوەی خۆی لە ئایینەکە هەڵگەڕایەوەو (مەزدەك)و پەیڕەوانی لەخۆی و دەسەڵاتەکەی دوورخستەوە، کەوتە دژایەتیکردنیان. کۆمەڵکوژی گەورەی ئەوانیش لەساڵی (٥٢٨ز) ئەنجامدرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، تا لە ژیاندا بوو، نەیتوانی لە کوشتنی (مەزدەك)و لێدانی پەیڕەوانی سەرکەوتوو بێت[٦]. بەوەش کوشتنی (مەزدەك) و سەرکوتکردنی توندی پەیڕەوانی کەوتە سەردەمی کوڕەکەی (کیسرا ئەنوشیروانی ساسانی)[٧]، بەڵام ئەویش لەگەڵ ئەوەی لە کوشتنیدا سەرکەوتوو بوو[٨]، بەڵام نەیتوانی بەتەواوی ئایینەکە بنبڕبکات و لە گۆڕەپانی ئایینی و سیاسی دەوڵەت و تەنانەت ناوچەکەش دووری بخاتەوە[٩]. هەربۆیە شوێنەوارەکانی تا سەردەمەکانی دواتر و بەتایبەت سەردەمی عەباسی یەکەم هەرمایەوە. ئەوەش دوای ئەوەی بەهۆی چەند جوڵانەوەو بزووتنەوەی سیاسییەوە بە مۆرکی ئایینی دەرکەوتەوە و بووە هۆکاری مەترسی بۆ دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی لەو سەردەمەدا.

---

(١) ابن خلدون: س.پ، ١٨٩/٢، پیرنیا: س.پ، ل٢٠٢.

(٢) پیرنیا: ه.س، ل٢٠٢، شهباز ازاد مهر: تاريخ ايران از ديروز تا امروز، چاپ اول، چاپخانه سعيد-تهران، (١٣٨٢ه.ش)، ص١١٣.

(٣) خيال امروهوی: س.پ، ل٩٦، مهرداد ايزدان پنا:اشنايى با اديان قديم ايران و بين النهرين، چاپ اول، تهران، (١٣٨١ه.ش)، ص٣٧.

(٤) مسكويه: س.پ، ١٢٤/١.

(٥) رازی:س.پ، ل٧٢.

(٦) علوی: س.پ، ل٢٨.

(٧) المسعودي: س.پ، ٢٣٧/١، مسكويه: س.پ، ١٢٨/١-١٢٩، ابن الاثير: س.پ، ٣٣٦/١-٣٣٧، المقدسي: س.پ، ١٦٨/٣، مستوفى مستوفى القزويني: س.پ، ل١١٦، اوشیدری : س.پ، ل٤٣٣، کەریم زند: ئایین باوەڕ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەرانی-سلێمانی، عێراق، ١٩٧١ز، ل٥٣.

(٨)المسعودي: س.پ، ٢٣٧/١، مسكويه: س.پ، ١٢٨/١-١٢٩، ابن الاثير: س.پ، ٣٣٦/١-٣٣٧، المقدسي: س.پ، ١٦٨/٣، مستوفي القزويني: س.پ، ل١١٦.

(٩) المقدسي: س.پ، ١٦٨/٣، بەلوچ: س.پ، ل١٧٩، رضا: س.پ، ل٨٦.

لە کۆی ئەوانەشەوە دەگەینە ئەوەی، کە (مەزدەك) پەیامبەریکی ئێرانی بووە لە سەردەمی ساسانییەکان و ئامانجی کۆکردنەوەی ئایینە کۆنەکانی ئێران بووە لە پەیامیکی نویدا[١]. دیارە ئەوەش بووە هۆی دژایەتیکردنی لەلایەن پەیڕەوانی ئەو ئایین و پەیامانەی وەك (مێترایی و زەردەشتی و گنوسی و مانی) بۆی، چونکە پەیامەکە زیانی بۆ هەریەك لەو ئایینانە و پەیڕەوانی هەبوو[٢].

باوەڕی ئایینی مەزدەکی

کاتێك دەمانەوێت پەیام و باوەڕی ئایینی مەزدەکی تاوتوێ بکەین، دەبێت سەرەتا ئاماژە بە (دوو) باوەڕی ئایینەکە بکەین، کە بووە هۆی ناسینی و تێڕامان و سەرنجی مێژوونووسان و گەشتیار و خۆرهەڵاتناسان و توێژەران و کۆمەڵانی خەڵکی بۆ لای خۆی. باوەڕی یەکەم هاوبەشی سامان و داهاتی خاوەن موڵك و دەوڵەمەندەکان بوو لەگەڵ هەژاراندا[٣]. باوەڕی دووەمیش ئەوە بوو، کە ڕەگەزی مێینە موڵکی گشتییە[٤]. هەردوو باوەڕەکەش لەکاتی خۆی و دواتر بۆچوون و تێڕوانینی جیاجیاو چەندین کێشەی گەورەی لیکەوتەوە، کە ئایینەکەی لە پەیامی ڕاستەقینەی خۆی لای ئایینەکانی تر و پەیڕەوانی لەلایەك و کۆمەڵانی خەڵك دوورخستەوە. سەبارەت بە باوەڕی یەکەم، کە هاوشێوەی بیری سۆشیالیستی سەدەی نۆزدەیەمی زایینی بوو[٥]، بوو[٥]، بەو جۆرە نەبوو، کە گەیشتە خەڵکی، ئەوەش بەو بەڵگەیەی، کە (مەزدەك) بەر لە هەموو شتیك داوای لە پەیڕەوانی کردبوو خۆیان لە مادده و پیکەوەنانی سامانێك بپارێزن، تا لە خوداپەرەستیان دوور نەخاتەوە. لەلایەکی دیکەوە داوای کرد، دارایی دەوڵەمەندیك بی هیچ هۆیەك بەسەر هەژاراندا دابەش نەکرێت. لەسەر ئەو بڕوایەی هەر کەسێك بە ڕەنجی خۆی تیکۆشاوەو هەوڵی پێکەوەنانی موڵك و دارایی تایبەت بەخۆیداوە، بۆیە کاریکی ناشایستەو دوورە لە داوای خودای ڕووناکی بیداتە هەژاران، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا داوای لە پەیڕەوانی کرد خیر بکەن و دەستی یارمەتی بۆ هەژار و لیقەوماوانی هاوپەیڕەوانیان دریژ

(١) سعید نفیسی: تاریخ تمدن ساسانی، چاپ أول، أنتشارات دانشگاه تهران، تهران، (١٢٣١هـ.ش)، ص١٤٦، محمد اقبال لاهوری: سیر فلسفه در ایران، ترجمه: ا.ح.اریان پور، چاپ اول، مؤسسه فرهنگی و عمرانی منطقهای تهران-نشریه شماره (٨)، تهران، (١٣٤٩هـ.ش)، صص٢٨-٢٩، ازادمهر: س.پ، ل١١١، غلام حسین مقتدر: جنگهای هفتصدساله ایران و روم، ویراستار: علی اصغر عبدالهی، چاپ اول، انتشارات دنیای کتاب-چاپ پیك ایران، تهران، (١٣٨٩هـ.ش)، ص١٤٧.

(٢) پیکولوسکایا و دیگران: س.پ، ل١٢٨، قدیاني: تاریخ ادیان، ص١٨٧.

(٣) البغدادي: الفرق بین الفرق، دراسة و تحقیق: مجدي فتحي السید، الطبعة الاولی، المکتبة التوفیقیة-القاهرة، (بلا)، ص٢١٣، أبن الحزم: الفصل في الملل و الاهواء و النحل، تحقیق: احمد سید سید احمد علي، الطبعة الاولی، المکتبة التوفیقیة-القاهرة، (٢٠٠٣م)، ٣٧٠/١، الشهرستاني: س.پ، ٢٧٦/٢-٢٧٧، خیال امروهوی: س.پ، لل٦٢-٦٣، کریم زەند: زمانی کوردی و هونەری وەرگێڕان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەرانی- سلێمانی، (١٩٧٧ز)، ل٥١.

(٤) الاسفراییني: التبصیر في الدین، الطبعة الاولی، عالم الکتب-بیروت، (١٩٨٣م)، ١٣٥/١، البغدادي: س.پ، ل٢١٣، أبن الحزم: س.پ، ٣٧٠/١، الشهرستاني: س.پ، ٢٧٦/٢-٢٧٧، خیال امروهوی:، لل٦٢-٦٣، ول دیورانت: قصة الحضارة: ترجمة: محمد بدران، مراجعة: لجنة من الاختصاصیین، باشراف: د.سعید اللحام، الطبعة الاولی، دار نوبلس للنشر-بیروت، (٢٠٠٨م)، ٣٢٨/٢٠.

(٥) نراقي: س.پ، ل٥٣.

بکەن و لە چاکەکاری دوور نەکەونەوە[١]. واتە ئەو گەیشتبووە ئەوەی، کە سامان و ئافرەت هۆکاری پەرتەوازەیی مرۆڤە، بۆیە وویستی بەهۆی ئەو دوو پێکهاتەیەوە کێشە و ململانێ لە کۆمەڵگاکە و سەرتاسەری جیهان دووربخاتەوە[٢]. هەر ئەوەش وای لەچەند خۆرهەڵاتناسێك کرد، کە (مەزدەکی) تەنیا جوڵانەوەیەکی ئاییینی نەزانن، بەڵکو لەپاڵ باوەڕ و پەیامە ئاییینییەکەیدا بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیش بوو، چونکە لەنێو خودی کۆمەڵگای ساسانییەوە دەرکەوت و باوەڕی پێهێنرا. ئەمەو ئامانجی ئەو چاکسازی کۆمەڵایەتی بوو بە پەیامیکی ئاییینی[٣]. لەمەوە (مەزدەك) لەگەڵ ئەوەی ڕێبەرێکی ئاییینی بوو، چاکسازیکی کۆمەڵایەتیش بوو، کە دەیوویست چارەسەری کێشە کەڵەکەبووەکانی دەوڵەتی ساسانی بکات و گیانێکی نوی بەبەر دەوڵەتەکەدا بکاتەوە[٤]. هەروەها بانگەشەی بۆ ئەوە کرد، کە پێکەوەنانی سامان و دەسەڵاتی ڕەها لە کاری ئەهریمەن و هێزی تاریکییە. واتە ئەوانەی لە هەوڵی پێکەوەنانی سامان و دارایی و گەیشتنن بە دەسەڵاتی ڕەها، کار و پلانەکانی ئەهریمەن جێبەجی دەکەن[٥]. هەربۆیە کاتێك پەیامەکە گەیشتە لای کۆمەڵانی خەڵك کە سامان و دارایی و داهاتی دەوڵەمەندەکان مافی هەژارانی بەسەرەوەیە، بەو شێوەیە لێکدرایەوە، کە لەسەر دەوڵەمەند و خاوەن موڵکەکان پێویستە دارایی و داهاتەکانیان بە یەکسانی بەسەر هەژاراندا دابەش بکەن. واتە لەلایەك لەسەر هەر دەوڵەمەندێك پێویست بوو بەشی هەژار و کەم درامەتەکانی لێ بدات. لەلایەکی دیکەوە خودی هەژاران ئەو داوایە بی سڵەمینەوە لە دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتووەکان بکەن. ئەوەش بەو واتایەی دەوڵەمەندە مەزدەکییەکان لە ئاست هەژارەکانیاندا خاوەن سامان نەبن. دیارە ئەوەش وایکرد، کە دەوڵەمەند و بازرگان و کاسبکاران کەمتر لە توێژەکانی تر باوەڕ بە پەیامەکەی مەزدەك بهێنن، چونکە ئەو بانگەشەیە لە زیانی ئەوان بوو.

جگە لە بانگەشەی یەکەمی ئەوەی دووەمی زیاتر ئاییینەکەی بە لاڕیدا برد و لێکدانەوەی زۆر خراپی لێکەوتەوە بانگەشەکردن بوو بۆ ئەوەی، کە ڕەگەزی مێینە موڵکی گشتییە. هەندێکیش بۆ ئەوە چوون، کە (مەزدەك) داوای لە (قوبادی یەکەم) کردووە، ژنەکەی خۆی پێبدات، تا لەگەڵیدا رابوێرێت[٦]، بەڵام ئەوەش بەو مانا نەبووە، بەڵکو ئەو داوایە لەبەرامبەر داوایەکی (قوباد) بووە لێی کاتێك ویستوویەتی وەك پەیامبەرێك

(١) البيروني: س.پ، ل٣١٢، مهرين: س.پ، ل٧٨٣.

(٢) ابوالحسن علي بن الحسين الندوي: ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين، الطبعة ارابعة، دار الجيل-بيروت، (بلا)، ص٥٧، سامي بن عبدالله المغلوث: أطلس تاريخ الانبياء و الرسل، الطبعة السادسة، مكتبة العبيلكان-الرياض، (بلا)، ص٢٨٧.

(٣) شائول شاكد: از ايران زردشتى تا اسلام-مطالعاتي درباره تاريخ دين و تماس هاى ميان فرهنگى، ترجمه: مرتضي ثاقب فر، چاپ اول، انتشارات ققنوس-چاپ شمشاد، تهران، (١٣٨١م)، ص١٧٧، استرويوا لودميلا ولاديمير: تاريخ اسماعيليان در ايران در سدهاى (٥-٧ه/١١-١٣م)، چاپ اول، نشر أشاره-تهران، (١٣٨٦ه.ش)، ص١٤٤، د. مهرى باقرى: الموسوعة الاسلامية الكبرى- مدخل ايران، الطبعة الاولى، مركز الموسوعة الاسلامية الكبرى-طهران، (١٩٨٩م)، ١/٥٨٨.

(٤) الحديثي: س.پ، لل(٢١٧-٢١٩).

(٥) د. فرهنگ مهر: ديدى نو از دينى كهن-فلسفهى زرتشت، چاپ هفتم، نشر جامى-تهران، (١٣٨٧ه.ش)، ص٨٥.

(٦) الرازي: س.پ، ل١٢٤، عليان و الساموك: س.پ، لل١٣٧-١٣٨.

ڕەزامەندی بۆ بدات، تا لەگەڵ خێزانی کوڕی مامی خۆی ڕابوێرێت، چونکە زۆر جوان بووە و حەزی لێکردووە. لەوەڵامدا (مەزدەك) پێ ڕاگەیاندووە، کە ئەو داوایە وەك ئەوە وایە من داوای ژنەکە تۆ بکەم بۆ ئەو کارە. لەبەرامبەردا پی وتووە، ''جا ئەوە چییە من ڕازیم ژنەکەی خۆمت پێبدەم''. بەوەش (قوباد) ژنەکەی خۆی کە دایکی (ئەنوشیروان) بووە بەو داوە[1]. کاتێکیش لەو ڕووداوە دەکۆڵینەوە دەگەینە ئەوەی، کە (مەزدەك) ڕەوایەتی بە وەها کاریك نەداوە، بەڵکو بەهۆیەك ڕێگری لێکردووە، کەچی لەبەرامبەردا پادشای ساسانی لەپیناو حەزی خۆیدا ئامادە بووە ژنەکەی خۆی بداتە (مەزدەك) تەنیا لەبەر ئەوەی ڕەوایەتی ئەو کارەی پێبدات. لەو بارەوەش بۆ (قوبادی ساسانی) قورس نەبووە، چونکە ئەو ژنەی کە دایکی کوڕەکە واتە (ئەنوشیروان) بوو بەرەچەڵەك ئێرانی و ساسانی نەبوو، تا پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاییینی هەبێت، بەڵکو (نەبوندوخت کچی خۆشنوازی خانی هەیاتلە) بوو[2]، کە پێشتر باوکی لەکاتی مانەوەی لای هەیاتلەکان هینابووی[3]، بۆیە وەك کەنیزەك لی دەڕوانی. هەربۆیە ئەو ڕووداوە بۆ چەندین مێژوونووس و توێژەر و خۆرهەڵاتناس کراوەتە پێوەر، کە (مەزدەك) ڕەوایەتی بەوە داوە هەر پیاویکی مەزدەکی ئازاد بوو لەگەڵ هەر ژنیکی هاوپەیڕەوانیدا کاری سیکسی بکات. لە کاتێکدا ئەم کارە لەگەڵ پەیڕەوانی تردا کاریکی داوێن پیسی وخراپ بوو. هەربۆیە ئەم ئایینە بەلادەر و تیکدانی باوەڕی مرۆڤەکانی سەر ڕووی زەوی ناسراو لەلایەن پەیڕەوە ئایینیەکانی ترەوە دژایەتیکرا. دیارە ئەوەش بەو جۆرە نەبوو، چونکە لە پەیامەکەی مەزدەکدا ئەوە هاتبوو، کە بۆ یەك پیاو یان ڕەگەزی نێرینە نەبوو، لە ژنێك زیاتر بهینێت و ژنەکەشی تەڵاق بدات، چونکە ئەوە هۆکارە شێواندنی شیرازەی خێزان و ئازاردانی ژنی یەکەم بوو بەهۆی ژنی دووەمەوە[4]. ئەمەو بەبۆچوونی (ئەبولمعالی موحەممەد کوڕی حوسێن ئەلعلوی) بۆچوونی وابووە، کە (مەزدەك) کەسایەتییەکی ئاییینی بووەو داوای پاراستنی ڕەوشت و کەرامەتی مرۆڤی کردووە، نەوەك بەپێچەوانەی هەندێك داوای بەدڕەوشتی کردبێت. هەروەها داوای یەکسانی کردووەو دژی ستەمکاری وەستاوە، نەوەك ستەم بۆ توێژیکی کۆمەڵگا دروست بکات[5]. ئەمەش ڕای چەندین مێژوونووس و خۆرهەڵاتناسە[6]. تەنانەت (مری بویس)ی خۆرهەڵاتناسی بەریتانی بانگەشەکردنی بۆ ئازادی ڕەگەزی مێینەو تا ئەوەی کچ یان ژن ئازادە شوو بە چەند

---

(١) البيروني: س.پ، ل٣١١.

(٢) خيال امروهوى: س.پ، ل٩٨.

(٣) الدينوري: س.پ، ل١١٥، مسكويه: س.پ، ١٢٤/١، خيال امروهوى: ه.س، لل٩٧-٩٨.

(٤) اصفهاني: زبده النصره، تحقيق: هوتسما، الطبعة الاولى، ليدن، هولندا، ١٨٨٩م، ص٨٠، فضل الله العمري: جامع التواريخ، چاپ اول، چاپ چاپ مدرسي و دانش پژوه-تهران، (١٩٦٠م)، ص١٥٢.

(٥) ابوالمعالي محمد بن الحسين العلوي: بيان الاديان-شرح اديان و مذاهب جاهلي و اسلام، ترجمه: هاشم رضي، چاپ اول، انتشارات مطبوعاتي مطبوعاتي فراهاني-تهران، (١٣١٢ه.ش)، ص٤٧.

(٦) قدياني: تاريخ اديان، ص١٨٧، كلاوس شيمان: مباني تاريخ ساساني، ترجمه: كيكاوس جيهانداري، چاپ اول، نشر و پژوهش فرزان روز- تهران، (١٣٨٤ه.ش)، صص(٦٢-٥٤)، بويس: س.پ، ل١٥٩.

پیاو بکات، لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە دەست بەسەراگرتنی ڕەگەزی مێینە لەلایەن دەسەلاَتداران و خاوەن موڵك و بازرگانەکانەوە، لاوەکانی لە پرۆسەی هاوسەرگیری دابڕی بوو. ئەمەو جگە لەوەی بەهۆی دەست بەسەراگرتنی داهات و سامانی وڵات لەلایەن ئەو توێژانەوە بە تەواوی توێژەی هەژاران و لەنیو ئەوانیشدا لاوەکانی لە ژیانی ئاسایی پرۆسەی هاوسەرگیری بەدوورگرتبوو، بۆیە دەبوو (مەزدەك) بە پەیام و بانگەشەیەکی ئاییینی سنوور بۆ ئەو ستەمە کۆمەلاَیەتی و داراییە دابنێت(١). ئەمەو جگە لەوەی کاتێك (مەزدەك) دارایی و سامانی کردە موڵکی گشتی و ئافرەتی ئازاد کرد و بە موڵکی گشتی دانا، لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە خودا هەموو بەخشندەییەکانی بۆ بەندەکانی فەراهەم کردووە، بۆیە ئەوەش موڵکی هەموانە بەبی جیاوازی، نەوەك لادان بێت لە باوەڕ و پەیامی ئاییینی(٢).

لەلایەکی دیکەوە ئەو بانگەشەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە وەك چۆن پیاویکی مەزدەکی بۆی هەبوو چەند ژنیکی هەبێت، ئاوەها ژنی مەزدەکیش بۆی هەبوو چەند پیاویکی هەبێت. ئامانج لەو بانگەشەیەش ئەوە نەبوو، کە ڕەگەزی مێینە چەند پیاویکی هەبێت، بەڵکو مەبەست لەوە بوو، تا پیاوی مەزدەکی لە دیاردەی فرە ژنی دووربکەوێتەوە، نەوەك بیر لە فرە ژنی بکاتەوە(٣). دیارە ئەوەش دوای پشتبەستن بەو واقیعەی، کە هیچ پیاوێك نەی دوویست ژنەکەی جگە لە خودی خۆی بچێتە لای هیچ پیاوێك و مێردی تری هەبێت، بەلاَم سەبارەت بە باوەڕی ئاییینی مەزدەك ئەوە بوو، کە لەسەر هەر باوەڕداریکی مەزدەکی پێویست بوو، باوەڕ بە هەردوو هێزی ڕووناکی و تاریکی بهینێت(٤)، بۆیە پێدەچێت بەهەڵە ڕاڤە بۆ ئەو بانگەشەیەی کرابێت، چونکە لە کۆمەڵگایەکی وەك ساسانی، کە زۆرینەی کۆمەڵگا خێڵەکی و گوندنشین بوون، چۆن دەبێت تاك و خێزانی ئەو سەردەمە بەوە ڕازی بووبن، کە دایکان و خوشکانیان ببێتە موڵکی گشتی، بۆیە یان تێگەیشتنی خەڵکانی سەردەمەکە بووە، کە تینووی ڕەگەزی مێنییە بوون، یان ڕاڤەی ئەوانە بووە، کە وویستوویانە لە (مەزدەك) و پەیامەکەی بدەن(٥)، بەو شێوەیە لێکدرایەوە و بلاَوبوویەوە.

بەدەر لەو دوو بانگەشەیەش (مەزدەك) بانگەشەی بۆ ئەوە کرد، کە (حەوت) ئاسمان هەیە و خودای گەورە، کە خودای ڕووناکییە لە ئاسمانی حەوتەمە(٦)و لەو بەرزاییەوە ئاگاداری ئەرك و کارەکانی بوونەوەر و زەوی و مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەکەکانە، لەهەمانکاتدا خاوەنی (چوار) خەسڵەتی گەورەییە، کە (جیاکردنەوەی

---

(١) : زردشتیان، ص١٥٩.

(٢) عبدالقادر صالح: العقائد و الادیان، الطبعة الثانیة، دار المعرفة–بیروت، (٢٠٠٦م)، صص٢٥٥–٢٥٦.

(٣) العلوي: س.پ، ل٤٧.

(٤) بویس: س.پ، ل١٥٩.

(٥) مهرداد بهار: ادیان اسیایی، چاپ اول چاپ مهدی–نشر چشمه، تهران، (١٣٧٥ه.ش)، صص٩٤–٩٥.

(٦) أبن الندیم: س.پ، ل٣٣٠، الشهرستاني: س. پ، ٨٧/٢.

ڕەگەزەکان و بیرکردنەوە و تیگەیشتن و خۆشی)یە[١]. ئەم خەسڵەتانەش تەنیا تایبەت بوون بە خودای ڕووناکی و بە دوور بوون لە هێزی تاریکی، کە وەك نەیاریکی سەرسەختی خودای ڕووناکی لە ململانیدا بوو[٢]. هەورەها بانگەشەی بۆ ئەوە کرد، کە سەربڕینی ئاژەڵ و گۆشت خواردن و خوین ڕشتنی بە (سی) ڕەوشتی هێزی تاریکی دادەنران و دەبوا باوەڕداری مەزدەکی خۆیانی لێ بەدوور بگرن. ئەمەو داوای لە پەیڕەوانی کرد، کە خۆیان لە دەروونی خراپ دووربخەنەوە و گویڕایەڵی حەز و ئارەزووەکانیان نەبن[٣]. بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەشیان داوای لێکردبوون، کە هێز بەکارنەهینن و دوور لە ململانی و تۆڵە سەندنەوە کاروبارە ئاییینیەکانیان جێبەجێ بکەن. ئەمەو لەسەر هەر پەیڕەویکیشی پێویست بوو خۆی لە توندوتیژی و خوینڕیژی و ئازاردانی دەروونی مرۆڤ دوور بخاتەوە. ئەمەو داواکاری ئەوەش بوو، کە مرۆڤ کاری باش ئەنجام بدات و خۆی دوورە پەریز و گۆشەگیرنەکات و میواندۆست بێت و ڕیز لە میوانەکانیشی بگرێت[٤]. هەموو ئەوانەش لە بنەماو داواو خەسڵەتە باشەکانی هەر ئایین و باوەڕیکی ئاییینی بوون، بۆیە بەهەموو ئەو پێوەرانە هەڵەیە تۆمەتی بانگەشەکردن بۆ داوێن پیسی و بەهەدەردانیماڵی خەڵکی بدەینە پاڵ ئەو ئاییینە.

ئاییینی مەزدەکی و پەیڕەوانی لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا

لەگەڵ ئەوەی عەباسییەکان لەهەمان نەتەوەو هۆزی بنەماڵەی ئومەوییەکان بوون، بەلام بە گواستنەوەی دەسەلات بۆ عەباسییەکان، زەمینەی بەشداری سیاسی بۆ نەتەوە ناعەرەبەکان لەوانەش ئێرانییەکان ڕەخساند[٥]. ڕەخساند[٥]. ئەوەش بەهۆی ئەوەی، کە پێشتر ئومەوییەکان پۆستە بالاکانی دەوڵەتیان لەسەر بنەماڵەی خۆیان و هۆز و تیرە و بنەماڵە عەرەبییەکانی نزیك بەخۆیان سنووردار کردبوو[٦]، بەلام عەباسییەکان پێچەوانەی ئەوە کاریان کرد و پشتیان بە نەتەوە ناعەرەبەکان، لەوانەش ئێرانییەکان بەست. ئەوەش هۆکاری زیندووبوونەوەو

---

(١) لاهوری: س.پ، ل٢٨.

(٢) أبن النديم: س.پ، ل٣٢٩-٣٣٠، نفیسی: س. پ، ل١٤٦.

(٣) البیرونی: س.پ، ل٢٠٩، أصفهاني: س.پ، ل٨٠، أبن فصل الله العمري: س.پ، ص١٥٢، کریستنسن: س.پ، ل٨٧، خیال امروهوی: س.پ، لل(٦٠-٦٢)، ابوعوض: س.پ، ل٦٢، بویس: س.پ، ص١٥٩.

(٤) أصفهاني: س.پ، ل٨٠، أبن فصل الله العمري: س.پ، ص١٥٢، الحفني: س.پ، ص٥٩٩.

(٥) توین بی: س.پ، ل٤٦٨، أ. ج. اربری و دیگران: تاریخ اسلام، ترجمە: احمد ارام، چاپ چهارم، چاپخانه سپهر-تهران، (١٣٨١هـ.ش)، ص١٦٣، انتونی بلك: تاریخ اندیشه سیاسی اسلام از عصر پیامبر تا امروز، چاپ دوم، أنتشارات اطلاعات-تهران، (١٣٨٦هـ.ش)، ص٣٢، د. عبدالغني ایروانی زاده و د. نصرالله شاملي: الادب العربي و الایرانیون من بدایة الفتح الاسلامي الی سقوط بغداد، الطبعة الاولی، نشر ذره-طهران، (١٣٨٦هـ.ش)، ص١١.

(٦) ابن اسفندیار: تاریخ طبرستان، به تصحیح: عباس اقبال، چاپ اول، تهران، ایران، ١٣٢٠هـ.ش، (٢٤٢/١، ٢٦٦)، صالح احمد العلي: دراسات في الادارة في العهود العباسية، الطبعة الاولی، مطبعة المجمع العلمي العراقي-بغداد، (١٩٨٩م)، ص١٢١، محمد خضري بك: الدولة الاموية، اعتنی به: د.درویش جویدي، الطبعة الاولی، المکتبة العصرية-صیدا، (٢٠٠٣م)، ص٣٨٥، د. غلام حسین صدیقي: الحرکات الدینية المعارضة للاسلام في ایران في القرنین الثاني و الثالث الهجریین، ترجمة: د. مازن اسماعیل النعیمي، الطبعة الاولی، دار الزمان للطباعةو النشروالتوزیع-دمشق، (٢٠١٠م)، ص١٠، د.حسن ابراهیم حسن: س.پ، ٢٧٨/١.

سەرلەنوی هەستانەوەی ئایین و كەلتوور و ئەدەبی ئێرانی بوو بەسەر دەوڵەتی نوێوە. یەكێك لەو ئایینانەی بۆ جارێكی تر بوونی خۆی سەلماندەوە (ئاییني مەزدەكی) بوو. شوێنەواری ئەو ئایینەش بەسەر چەندین جوڵانەوەو بزووتنەوەوە بوو، كە بە دژی دەوڵەت وەستان. هۆكارەكانی ئەو شوێنەوارانەش چەند لایەنە بوو. لەلایەك هێزی ئایینەكە بوو، كە لەسەردەمی خۆیداو بۆ ماوەیەك بووە ئایدۆلۆجیای ئیمپراتۆریێتی ساسانی و بەهۆی ئەوەشەوە زەمنیەی بەهێزبوون و بلاوبوونەوەی بۆ ڕەخسا[١]. بە ئاستێك تا سەدەی چوارەمی كۆچی بەرامبەر دەیەمی زایینی پەیڕەوانی مەزدەكی لە هەرێمەكانی ئەودیوی ڕووبار لە (سەغد و سەمەرقەند)، تا دەگاتە (خۆراسان، ئیسفەهان، چیا، ئەهواز، ئازەربایجان، ولاتی دەیلەم) مابوون[٢]. هەروەها لە بانەكانی ناوەڕاستی ئێران و لاپاڵ چیاكانی خۆرئاواو باكووری خۆرئاوای ئێران بەئاستیكی بەرچاو مابوون[٣]. بەپی تۆمارێكی (ئەلئوستوخری/٣٤٠ك-٩٥١ز)ش وەك گەشتیاریكی سەدەی چوارەمی كۆچی بەرامبەر بە دەیەمی زایینی چەند گوند و شارۆچكە و شارێكی ڕێڕەوی گەشتەكەی لەسەر باوەڕی كۆنی ئێرانی و لەوانەش مەزدەكی بوون[٤]. ئەمەو جگە لەوەی لە خاكی عێراقیشدا پەیڕەوانی مەزدەكی لەپاڵ پەیڕەوانی (جوو، مەسیحی، زەردەشتی، مانی) بوونیان هەبوو، چونكە هەموو پەیڕەوی ئەو ئایینانە بە هاتنی ئایینی ئیسلام نەچوونە سەر باوەڕی ئایینی نوی و نەبوونە موسڵمان، بەڵكو لەسەر باوەڕە كۆنەكەیان مانەوە[٥]. هەروەها شاری (ڕاوەند)یش لە نزیك شاری ئیسفەهان مەڵبەندی پەیڕەوانی مەزدەكی بوو، كە دواتر و لەسەردەمی عەباسی یەكەم وەك بزووتنەوەیەكی نوی بەناوی شارەكەوە دەركەوت. بەپی تۆمارێكی مێژوویش ئەوان لەسەردەمی (ئەبوجەعفەری مەنسوور)دا خەڵكانی بەرباد و داوێن پیس بوون[٦]. ئەگەرچی بەشێك لە مێژوونووسان و ئایناسان، ڕاوەندییەكانیان بە كۆمەڵەیەكی ئیسلامی و لقێكی كەیسانییە داناوە[٧]، بەلام ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، كە ئەوان بۆ گەیشتن بە مەرامەكانی خۆیان لە سەرەتادا هۆگریان بۆ بنەماڵەی (عەلی

---

(١) ابوالحسن الملطي: **س.پ،** ل٩١، ابن النديم: **س.پ،** لل٤٠٦-٤٠٧، مسكويه: **س.پ،** ١٢٤/١، البيروني: **س.پ،** ل٣١١، الشهرستاني: **س.پ،** ٢٧٥/٢، ابن الاثير: **س.پ، ٣١٧/١، مستوفی القزوینی: س.پ، ل١١٥، كريستنسن: س.پ، ل٣٣١، دياكونوف: تاريخ ايران باستان، ترجمه: روحی ارباب، چاپ اول نشر بنگاه و ترجمه و نشر كتاب-تهران، (١٣٢٦ه.ش)، ص٤٤٣.**

(٢) الاصطخري: **س.پ،** ل٩٨، أبن النديم: **س.پ،** ٤٠٦/٩-٤٠٧، المسعودي: **س.پ،** ٢٧٩/٣، مسكويه، **س.پ،** ١٧٦/٤، الشهرستاني: **س.پ،** ٢٧٧/٢-٢٧٨، الطوسي: **س.پ،** لل٢٦١-٢٦٢، دياكونوف: **س.پ،** ل٤٤٣، د. صلاح مهدي الزبيدي: دراسات في الشعر العباسي، الطبعة الاولى، الاكاديميون للنشر و التوزيع-عمان، (٢٠٠٤م)، ص٢٧.

(٣) المسعودي: س.پ، ٢٧٩/٣، **سعيد نفيسى: بابك خرم دين، چاپ دوم، چاپخانه مهدی-تهران، (١٣٨٨ه.ش)، ص١٩.**

(٤) الاصطخري: **س.پ،** ل٩٨.

**(٥) احمد امين: س.پ، لل(٨٤، ١١٢)، فيليس كوزين:** امپراطوري اسلامي، **ترجمه: مهدی حقیقت خواه، چاپ اول چاپ شمشاد-أنتشارات ققنوس-تهران، (١٣٨٦ه.ش)، ص٥٨.**

(٦) مسكويه: **س.پ،** ٣٧٢/٣.

(٧) النوبختي: فرقة الشيعة، الطبعة الاولى، دار الاضواء للطباعة و النشر و التوزيع-القاهرة، (١٩٨٤م)، صص(٣٣، ٤٧)، الاسفرايني: **س.پ،** ٣٢/١، الرازي: **س.پ،** ص٧٩.

کوڕی ئەبی تالیب/ڕ.خ) نیشانداو پشتیوانیان لە بنەماڵـەی عەباسـییەکان کـرد دژ بـە بنەماڵـەی ئومـەوی بـۆ گەیشتن بە دەسەڵات. ئەمەو وەك لایەنگرانی (ئەبومسلمی خۆراسانی)و نەیاری سیاسی و ئایینی لێیانی ڕوانـی و بەتۆمەتی زەندەقە تۆمەتبارکران، تا ئەوەی نزیـك بـە (٢٠٠) کەسـایەتییان لـێ زینـدانیکرا[١]. بـەپێ چـەند تۆمارێکی مێژوویش پەیڕەوانی ئەبومسلم مەزدەکی بوون [٢]. واتـە کوشـتنی ئـەو کەسـایەتییەیان بـۆ مـەرامی تایبەتی خۆیـان بـەکارهینا. تەنانـەت بەشـێکی ڕاپـەڕین و شۆڕشـەکانی سـەردەمی عەباسـی یەکـەمیش بنـەماو ڕینماییەکانی مەزدەکیان بەرزکردەوەو پەیڕەوان و هەوادارانی ئەو ئایینە لـە دەوری کۆبوونەوە، چـونکە لـەگـەڵ ئەوەی ژیانی بەشێکی کۆمەلانی خەڵك گۆڕاو ڕوویان لـە ڕابـواردن و خۆشـییەکانی ژیانیـان کـرد[٣]، بـەلام بەشێکی تری کۆمەڵگا هەژار و کەمدەسـت بـوون ودەوڵـەتی نـوێ نـەیتوانی چارەسـەری کێشـەی هـەژاری زۆرینەی کۆمەلانی خەڵك بە گشتی و مەوالییەکان بەتایبەتی بکات، وە پەیڕەوان و هەوادارانی مـەزدەکیش بـە زۆری لە توێژی هەژار و زەحمەتکیشان بوو[٤]. بەم پێیەش ململانێی چینایەتی هۆکاریکی تر بـوو هێـزی بەبـەر ئەم ئایینە دایەوە. ئەمەو جگە لەوەی بە گەیشتنی بنەماڵـەی عەباسـییەکان بـۆ دەسـەلات شـتیکی وەهایـان لـە بارودۆخـە خەڵکەکـە و لەنیویشـاندا مەوالییـەکان نـەگۆڕی، کـە هیـوای ڕزگاربوونیـان لـە نادادپـەروەری ئومەوییـەکان و ئـەو جیاوازییـەی لـەنێوان پێکهاتـەی عـەرەب و ناعەرەبەکانـدا دەیـانکرد، بۆیـە پشـتیوانیان لەبزووتنەوەی عەباسییەکان کـرد. ئـەوەش بەئومیـدی گەڕانـەوەی سـەروەرییەکانی ڕابردوویـان بـەهۆی ئـەو پشتیوانییەوە[٥]، چونکە لە سەردەمی ئومەوییەکاندا عەرەبە موسڵمانەکان لەسەر حیسـابی مەوالییـەکان بوونـە خاوەن زەوی و موڵکی تایبەت[٦]. وەك ئەوەی زۆربەی عەرەبەکانی خۆراسان، کە لە کۆچەرانی شاری بەسرە بەسرە و دەوروبەری بوون، بەهۆی مەوالییەکانی ئەو هەرێمەوە پێگەیشتن[٧]، بەلام بـە گەیشـتنی عەباسـییەکان

---

(١) د. حسن أبراهيم حسن: **س.پ**، ٢/٨٨-٨٩.

(٢) أبن النديم: **س.پ**، ٩/٤٠٨، الشهرستاني: **س.پ**، (٢/٢٧٥-٢٧٧).

(٣) د. عصام عبدالرؤوف الفقي: دراسات في التاريخ الدولة العباسية، الطبعة الاولى، دار الفكر العربي للطبع و النشر-القاهرة، (٢٠٠٠م)، ص٤١،ايرواني زادة و شاملي: **س.پ**، ل٢٧.

(٤) الدوري: **س.پ**، ل٧٥.

(٥) **احمد امين: س.پ، صص١٦٤-١٦٥، كوزين: س.پ، لل٥٤-٥٥، د.حسين مفتخرى: خوارج در ايران تا اواخر قرن سوم هجرى، چاپ اول، نشر باز-تهران، (١٣٨٦ه.ش)، ص١٣٧**، محمد بن مسفر الزهراني: نظام الوزارة في الدولة العباسية-العهدان البويهي و السلجوقي، الطبعة الثالثة، مؤسسة الرسالة-بيروت، (١٩٨٦م)، ص١٤، علي عبدالرحمن العمرو: أثر الفرس السياسي في العصر العباسي الاول، الطبعة الخامسة، بلا، (١٩٩٣م)، ص٣٠٧، د. محمد سهيل طقوش: تاريخ الدولة العباسية، الطبعة الثالثة، دار النفائس للطباعة و النشر و التوزيع-بيروت، (٢٠٠١م)، ص٩.

(٦) **نچكينا و ديگران: س.پ**، ١/٢٠٦، كوزين: **س.پ**، لل٦٠-٦١، الفقي: **س.پ**، ل١٥، د. عبدالعزيز الدوري: مقدمة في تاريخ صدر الاسلام، الاسلام، الطبعة الاولى، مركز دراسات الوحدة العربية-بيروت، (٢٠٠٥م)، ص٧٥، علبي: **س.پ**، ل١١٣، مفتخرى: **س.پ**، ل١٥١.

(٧) أبن أعثم الكوفي: كتاب الفتوح، الطبعة الاولى، مطبعة مجلس دائرة المعارف الاسلامية-حيدر اباد-دكن، (١٩٦٩م)، ١/٢٠-٢١، احمد علبي: العهد السري للدعوة العباسية أو من الامويين الى العباسيين، الطبعة الاولى، دار الفارابي-بيروت، (١٩٨٨م)، ص١١٣.

بەدەسەڵات بێوەفاییان بەرامبەر بە مەوالییەکان و لەنێونیشاندا بە فارسەکان کرد، کە پێشتر بەڵێنی پشتیوانی و گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان پێدابوون. ئەوەش لەبەرامبەر ئەو پشتیوانی و هاوکارییەی مەوالییەکان و لەنیویشاندا فارس و کوردەکان بۆ سەرکەوتنی بانگەوازەکە[1]. دیارە ئەوان هەوڵیاندا خەسڵەتی ئیسلامی و دوور لە دەرماگیری عەرەبی بە دەوڵەتی عەباسی ببەخشن، بەلاّم سەرکەتوو نەبوون، بۆیە دەستیان دایە ڕاپەڕین[2].

لەلایەکی دیکەوە نابێت ئەوەش لەبەرچاو نەگرین، کە بەهۆی گواستنەوەی دەسەلاّت لە ئومەوییەکانەوە بۆ عەباسییەکان، سەرجەم گەنجینەی دەوڵەتی ئومەوی و خەلافەت گواسترایەوە بۆ عەباسییەکان و لەلایەن بنەماڵەی عەباسییەوە دەستی بەسەرداگیرا. بەپێ چەند تۆمارێکی مێژوویش ئەو گەنجینەیە ڕۆڵی خۆی لەبەهێزبوونی پێگەی ئابووری و سیاسی عەباسییەکاندا گێڕا. ئەمەو هۆکاری بەرەنگاربوونەوەی نەیارەکانیان بوو لەسەرەتای دەسەلاّتیاندا[3]. هەربۆیە بەو پێگە بەهێزە ئابوورییە و دەسەلاّتە سیاسییەی پێی گەیشتن، تێکەلاّو تێکەلاّو بە فەرهەنگ و کەلتوور و داب و نەریت و ڕێ و ڕەسمی ئایینی و کۆمەلاّیەتی جیاوازبوون. ئەوەش بۆ ئەوان قورس بوو بەو هەموو دەسەلاّتەوە، دۆستەکانی دوێنیان بکەنە هاوبەشی دەسەلاّت و دارایی ولاّت، بۆیە پشتیان تێکردن و بێوەفاییان لەگەڵ کردن[4]، بەلاّم بەو پێیەی بەشێکی گرنگی سووپای عەباسییەکان لە پێکهاتەی فارس و ئێرانییەکان بوو[5]، بۆیە ئەوەش پەرچەکرداری ئەوانی بەرامبەر دەوڵەت ئاسانکرد. بەتایبەت بەتایبەت دوای کوژرانی (ئەبوموسلمی خۆراسانی) لەلایەن (ئەبوجەعفەری مەنسوور) لەساڵی (١٣٧ك/٧٥٤ز)دا[6]. کاتێك کوژرانی ئەویان قۆستەوە، تا بێنە مەیدان و ڕق و کینەی خۆیان لە دەوڵەت بکەنەوە. ئەوەش بەهۆی ئەوەی (ئەبومسلیم) لەتێڕوانینی ئەوان و کۆمەڵگای عەباسیدا بە خاوەنی دەوڵەتەکە و سەرکەوتن و دامەزراندنی ناسرابوو[7]. هەربۆیە کوشتنی ئەو کەسایەتییەیان بۆ بەرژەوەندی و زیندووکردنەوەی

(١) السيوطي: تاريخ الخلفاء، تحقيق: محمد محي الدين، الطبعة الاولى، القاهرة، (١٩٥٢م)، ص٢٥٨، **توین بی: س.پ، ل٤٧٢، نجکینا و دیگران: س.پ، ٢٠٧/١**، حسين قاسم العزيز: البابكية، الطبعة الأولى، دار النهضة، بغداد، (١٩٦٦م)، ص٩٤.

2. Quoted in Philip K Hitti; History of the Arads 10th ed, New York, (1970A.C), P58.

(٣) الثعالبي: ثمار القلوب، تحقيق: محمد أبوالفصل أبراهيم، الطبعة الاولى، القاهرة، (١٩٦٥م)، ص١٩٤، الذهبي: سير اعلام النبلاء، تحقيق: حسن الاسد، الطبعة الاولى، بيروت، (١٩٨٢م)، ص٧٩.

(٤) الزبيدي: **س.پ**، ل٤١.

(٥) د. نزار محمد قادر النعيمي: الجيش و تاثيراته في سياسة الدولة الاسلامية منذ تاسيسها و حتى سقوط بغداد (١-٦٥٦هـ/٦٢٢-١٢٥٨م)، الطبعة الاولى، دار المتنبي للنشر و التوزيع-أربد، (٢٠٠٥م)، صص١٥٦-١٥٧.

(٦) أبن قتيبه: الأمامة والسياسة، الطبعة الأولى، مطبعة القاهرة-القاهرة، (١٩٠٤م)، ١١١/٢-١١٢، الطبري: **س.پ**، ٤١٤/٤-٤١٥، أبن الاثير: الاثير: **س.پ**، ١٠٧/٥، أبن كثير: البداية و النهاية في التاريخ، تحقيق و توثيق: صدقي جميل العطار، الطبعة الاولى، دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع-بيروت، (٢٠٠٨م)، (٢٧/٦-٢٨، ٣٤).

(٧) أبن قتيبه: **س.پ**، ل١٥٦، الطبري: **س.پ**، ٤١٤/٤-٤١٥، أبن كثير: **س.پ**، ٢٩/٦-٣٠.

زیندووكردنەوەی ئایینی خۆیان قۆستەوە، تا جارێكی دی سەروەرییەكانی خۆیانی تێدا ببیننەوە[١]. ئەوەشی كارئاسانی بۆ ئەو لایەنە كرد كۆبونەوەی پەیڕەوانی مەزدەكی بوو لە یەك گوند یان گەڕەكی شاریك وەك سەرجەم ئایین و ئایینزاكانی تر[٢]. ئەوەش هۆكار بوو بۆ ئەوەی لەكاتی سەرهەڵدانی هەر بزووتنەوە و جوڵانەو ڕاپەڕین و شۆڕشێك ئاگاداربن و لەسەر بنەمای باوەڕ و قەناعەت و هەڵوێستی سیاسی پەیوەندی پێوەبكەن و بەشداری یان پشتیوانی لێبكەن.

پرۆسەی وەرگێڕانیش ئەو زەمینەیەی ڕەخساند، كە ئەوان بخزینێتە نێو دەزگاو دامەزراوەكانی دەوڵەت و خودی كۆمەڵگای عەباسی. ئەوەش بەهۆی ئەوەی زمانی فەرمی دەوڵەت عەرەبی و سنووری دەوڵەتیش ناوچەیەكی تەواو بەرفراوان، بۆیە فارس و ئێرانییەكان بە وەرگێڕانی بەرهەم و شاكارە ئایینی و ئەدەبی و فەلسەفییەكانیان ویستیان مێژوو و هێز و باوەڕی پێشینەی خۆیان بە كۆمەڵگای نوێی عەباسی بناسینن[٣]. یەكێك لەوكارانەی وەرگێڕانیش هەوڵەكەی (روزبە كوڕی داذویە/١٠٦-١٤٢ك/٧٢٤-٧٥٨ز)ناسراو بە (ئیبنولموقەففەع) بوو لە وەرگێڕانی كتێبی (زەند)ی (مەزدەك كوڕی بامداد) بۆ سەر زمانی عەرەبی[٤]. دیارە (ئیبنولموقەففەع) ئەگەرچی بەر لەوەی باوەڕ بە ئایینی ئیسلام بهێنێت یەكێك بوو لە باوەڕدارانی ئایینی مانی[٥]، بەڵام ویستی بەو كارەی گەورەیی ئایینەكانی وڵاتەكەی و مێژوو و كەلتوورەكەی بە كۆمەڵگای عەرەبی و عەباسی بناسێنێت[٦]. لەلایەكی دیكەوە (ئابان كوڕی عەبدولحەمیدی لاحقی) یەكێكی تر لەوانەی بانگەشەی بۆ بۆ پەیامەكانی مەزدەك دەكرد و بۆ كۆمەڵانی خەڵكی دەگواستەوە، تا ئەوەی ڕەنگدانەوەی لەسەر هۆنراوەكانیشی هەبوو[٧]. ئەمەو هەوڵی بەرمەكییەكانیش لە سەردەمی خەلیفە (هارون ئەلڕەشید) لە

---

(١) د. فاروق عمر فوزي: الخلافة العباسية، ١/٦٤، د. محمد سهيل طقوش: التاريخ الاسلامي الوجيز، الطبعة الخامسة، دار النفائس-بيروت، (٢٠١١م)، ص١٥٣.

(٢) الفقي: **س.پ**، ل١٤٧.

(٣) ايرواني زاده و شاملي: **س.پ**، ل١٦.

(٤) أبن النديم: **س.پ**، ٣/١٣٢، احمد امين: ضحى الاسلام، قدم له و علق عليه، احمد السيد و سيد احمد علي، الطبعة الاولى، المكتبة التوفيقية-القاهرة، (بلا)، ١/٩٤-٩٥، ابوعوض: **س.پ**، ل٦٣، الدوري: **س.پ**، ل٨٤، د. حسن جعفر نورالدين: شعر التمرد في الاعصر العباسية، الطبعة الاولى، رشاد برس للطباعة و النشر-بيروت، (٢٠٠٣م)، ص١٠٨، **فريدون اسلام نيا: نگاهى به تاريخ ايران بعد از اسلام، چاپ اول، مؤسسه أنتشارت حسينى أصل-تهران، (١٣٨٣هـ.ش)، ص١١.**

(٥) زرين كوب: تاريخ مردم ايران، ٢/٧٥، محمد راجي حسن كناس: مفردات من الحضارة الاسلامية، قدم له: د. أحمد الطحان، الطبعة الاولى، دار دار المعرفة للطباعة و النشر و التوزيع-بيروت، (٢٠٠٣م)، ص٧٦، د. سالم المعوش: عبدالله بن المقفع-مفكر و قضية، الطبعة الاولى، مؤسسة بحسون للنشر و التوزيع-بيروت، (٢٠٠٤م)، صص(١٤-١٥، ٣١-٣٢)، ايرواني زاده و شاملي: **س.پ**، ل١٧٣.

(٦) احمد تفضلي: **تاريخ ادبيات ايران پيش از اسلام، به كوشش: ژاله اموزگار، چاپ پنجم، انتشارات سخن-تهران، (١٣٨٧هـ.ش)، صص(١٧٠، ٢٠٩-٢١٠)، احمد امين: فجر الاسلام، ل١٠٨، بلك: س.پ، ل٣٣،** د. محمد سهيل طقوش: التاريخ الاسلامي الوجيز، ص١٥٣.

(٧) أبن النديم: **س.پ**، ٤/١٨٦.

وەرگێڕانی بەرهەمە فارسییەكان بۆ سەر زمانی عەرەبی و هەوڵی (فەزڵی كوڕی یەحیای بەرمەكی) لەهێنانی پیشەسازی كاغەز بۆ شاری (بەغداد)، كە بەهۆیەوە نووسین لەسەر پیستە بۆ سەركاغەز گۆڕاو ئەوەش كاری وەرگێڕان و بلاوكردنەوەی ئاسانتر كرد[١]، تا ئەو بەرهەمانە ئاسانتر و باشتر بگاتە زۆربەی كۆمەڵگای عەباسی. بەو پێیەشی بەرمەكییەكان كاریان لەسەر دابینكردنی ئازادی تەواو لە بواری ئایین و سیاسەت كرد، ئەوە بواری ڕەخساند كۆمەلانی خەڵك و لایەنگرانیان بە ئازادی تەواو بیربكەنەوە و باوەڕی ئایینی خۆیان و ڕێ و ڕەسمەكانی پیادە بكەن[٢]. یەكێك لەو بوارانەشی كاریان لەسەر كرد زیندووكردنەوەی مێژوو و فەرهەنگ و كەلتوورو ئایینە كۆنەكانی ئێران و لەوانەش ئایینی مەزدەكی بوو. لەم بارەوە (ئەلئسمەعی) لەدێڕە هۆنراوەیەكدا ووتوویەتی:

"أذا ذكر الشرك في مجلس........أضاءت وجوه بني برمك

وأن تليَت عندهم ايات..........أتوه باحاديث عن مزدك"[٣]

هەموو ئەوانەش كاریگەری خۆیان لەسەر ئەدەبی عەرەبی و ئیسلامی دانا. بەتایبەت ئەو بەرهەمە ئەدەبی و سیاسیانەی باسیان لە مێژووی پادشا و دەسەلاتدارانی ئێرانی لەوانەش ساسانییەكان دەكرد. بەهۆی ئەوەشەوە خەلیفە و بەرپرسە بالاكانی دەوڵەت لە مێژووی كۆنی ئێران و سەردەمی دەسەلاتداری ساسانییەكان بی ئاگا نەبوون[٤]. هۆكاری ئەوەش دیار بوو، بەوەی فارسەكان و بیروباوەڕەكانی ئێرانی كۆن، كاریگەری خۆیان لەسەردەمی عەباسی یەكەم و دەوڵەتەكە هەبوو[٥].

خەلیفە (مائمون)ی عەباسیش لە دیارترین خەلیفەكانی عەباسی بوو، كە بە فەرهەنگ و كەلتوور و مێژووی سیاسی و ئایینی فارس و ئێرانییەكان سەرسام بوو. هەربۆیە بە گەیشتنی بۆ خەلافەت سەرباری هەوڵەكانی بۆ بزووتنەوەی وەرگێڕان، ئازادی عەقڵ و بیری چڕكردەوە[٦]. ئەو ئازادییەش هۆكاری دەركەوتنی دەركەوتنی چەندین بیری نوێ و دەركەوتنەوەی ئەو ئایینانە بوو، كە لە دەوڵەتی خەلافەتی عەباسیدا پەراوێزخرابوون، لەوانەش ئایینی مەزدەكی. ئەو ئایینەش لە بزووتنەوەی خوڕەمییەكاندا خۆی بینییەوە[٧]. ناوی ناوی (خوڕەم)یش لەناوی خێزانی (مەزدەك) بەناوی (خوڕەمە كچی پاتك) وەرگیرا، كە دوای مێردەكەی

---

(١) د. محمد سهيل طقوش: **س.پ**، ص١٥٩، الزبيدي: **س.پ**، ل٥٢.

(٢) احمد امين: ضحى الاسلام، ٢٠٩/١.

(٣) أبن قتيبه: المعارف، الطبعة الاولى، القاهرة، (١٣٥٣هـ)، ص١٤٨.

(٤) د. يوسف العش: تاريخ عصر الخلافة العباسية، راجعه و صححه: محمد أبوالفرج العش، الطبعة الثانية، دار الفكر-دمشق، (٢٠٠٣م)، صص٢٣٩-٢٤٠، الزبيدي: **س.پ**، ل٤٦.

(٥) حسن جعفر نورالدين: **س.پ**، ل١١١.

(٦) بلك: **س.پ**، ل٤٠.

(٧) أبن النديم: **س.پ**، ٤٠٦/٤، **عبدالحسين زرين كوب: دو قرن سكوت، چاپ اول، أنتشارات سخن-تهران، (١٣٧٨ه.ش)، ص٢٩٥.**

درێژەی بە بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیدا[١]، بۆیە پەیڕەوانی دواتر بە (خورەم) ناسران. لەپاڵ ئەم کۆمەڵەیەشدا هەریەك لە کۆمەڵەکانی (موحەمرە-المحمرة)و (موبەیەزە-المبيضة) لە لقەکانی ئاییینی مەزدەکی بوون، کە لە سەردەمی عەباسی یەکەم وەك هێزێکی نوێ و نەیاری دەوڵەتی خەلافەت لە شێوەی مەزدەکییە نوێیەکاندا دەرکەوتن[٢].

نابێت ئەوەش نادیدە بگرین، کە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگای عەباسی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی بوو، بەڵام لە بوونی ڕابواردن و مەیخانە و یانەی شەوان و عەودالبوونی کەسانیك بە کارە داوێن پیسی و بەدڕەوشتییەکان دوور نەبوو، بەڵکو چەندین مەیخانە و یانەی شەوانە لە شاری (بەغداد)ی پایتەختی دەوڵەت و شارە گەورەکان بوونی هەبوو. تەنانەت خەلیفە و بەرپرسانی دەوڵەت کۆڕی تایبەتیان بۆ مۆسیقا و سەما و گۆرانی هەبوو[٣]. ئەوەش هۆکاری خۆی لەسەر جیهیشتنی شوێنەواری ئاییینی مەزدەکی بەسەر کۆمەڵگای عەباسی دروستکردبوو، چونکە پەیامەکە وا بە خەڵکی گەیشتبوو، کە بۆ ڕەگەزی نێرینە هەبوو چەند ژنێك لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و بۆ وویست و ئارەزووەکانی بەکاریان بهێنێت.

**دیارترین شوێنەوارەکانی ئاییینی مەزدەکی بەسەر دەوڵەتی خەلافەتی عەباسییەوە**

سەرەتاکانی دەرکەوتنی شوێنەواری ئەو ئاییینە بەسەر دەوڵەتەوە لەچەندین ڕاپەڕین و بزووتنەوەیەك بوون، کە هەر پۆلێك لە مێژوونووسان باوەڕێکی ئاییینی دابووە پاڵیان. دەسپێکی ئەو ڕاپەڕین و بزووتنەوانەش، ڕاپەڕینەکەی (بەهافەرید) بوو، کە بەبۆچوونی (ئیبنولنەدیم) جولانەوەو بزووتنەوەیەکی مەزدەکی بوو[٤]، بەڵام بەبۆچوونیکیش هەواداری مانی بووە[٥]. (بەهافەرید کوڕی ماە فەرودین) بوو، کە لەساڵی (١٣٦ك/٧٥٤ز) لەگوندی (خواف)ی نزیك شاری نیشاپووری هەرێمی خۆراسان بۆ دژی ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی دەستی دایە ڕاپەڕین[٦]. (بەها) لە بانگەوازەکەیدا (مەی خواردنەوە و داوێن پیسی و گۆشت خواردنی خواردنی ئاژەڵی مردوو و سەربرینی ئاژەڵی نەخۆش و ساوا)ی لەسەر پەیڕەوانی قەدەغە کرد) و داواشی لێکردن (کڕنۆش بۆ خۆر ببەن و ڕۆژی حەوت نوێژ بۆ دروستکراوی ئاسمان و زەوی و جیهان و زیندەوەران

(١) الطوسي: **س.پ**، ل٢٣، خيال امروهوى: **س.پ**، لل(١٧-٣٦، ١٠٠-١٠١).

(٢) أبن النديم: **س.پ**، ٤٠٦/٩، البغدادي: **س.پ**، ل٢١٣، البيروني: **س.پ**، ل٣١٢، النرشخي: تاريخ بخارا، بتصحيح: محمد رضوى، **چاپ أول**، تهران، (١٣١٣هـ.ش)، ص٩١، فان فلوتن: السيادة العربية، ترجمة: حسن ابراهيم حسن و الشيخ محمد زكي ابراهيم، الطبعة الاولى، القاهرة، (١٩٣٤م)، صص٩٩-١٠٠، نفيسي: بابك خرم دين، ص١٣، زرين كوب: تاريخ مردم ايران، ٦٨/٢، اسلام نيا: **س.پ**، ل١١، باقرى: **س.پ**، ٥٨٩/١.

(٣) الزبيدي: **س.پ**، لل(٢٢، ٢٥).

(٤) أبن النديم: **س.پ**، ٤٠٧/٩.

(٥) **بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (کەیوان ئازاد ئەنوەر: س.پ، ل٣٢٢).**

(٦) البيروني: **س.پ**، ل٣١٣، زرين كوب: تاريخ مردم ايران، ٦١/٢، **برتولد شپولر: تاريخ أيران در قرون نخستين اسلامى، ترجمە: جواد** فلاطورى، فلاطورى، **چاپ أول، بنگاه وترجمه ونشر كتاب-تهران، (١٣٦٩هـ.ش)، ص١٣٨.**

بكەن و باوەڕیان بەرۆژی دوایی و پاداشتی بەهەشت و سزای دۆزەخ هەبێت)[١]. هەموو ئەوانەش بەشێك بوون لە ئەرك و بنەما و باوەڕەكانی ئاییینی مەزدەكی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لە پەیڕەوانی زەردەشتی و مانی و مەزدەك و موسڵمانە نەیارەكانی بنەماڵەی عەباسیش پەیوەندییان پێوەكرد و بەشداریان لە ڕاپەڕینەكەدا كرد[٢]. بەوەش مۆركێكی ئاییینی بە ڕاپەڕینەكەوە دراو ڕووبەڕووی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی و خەلیفە (ئەبوجەعفەری مەنسوور) بوویەوە. ئەوەش لەكاتێكدا بوو، كە (ئەبو موسلم) یەكێك بوو لە گەورە بەرپرسانی دەوڵەت و خەلیفە، بۆیە لەسەری پێویست بوو بەرەو ڕووی بێتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش سوپایەكی بە سەركردایەتی (شەبیی كوڕی واج) ناردە سەری، بەڵام سەركەوتوو نەبوو. دواتر سووپایەكی تری بەسەركردایەتی (عەبدوللای كوڕی شوعبە) ناردە سەری و دوای شەڕێكی سەخت لەچیای (بادغیس) بەتوندی لە ڕاپەڕینەكەیدا و (بەهافەرید) كوژرا. بەوەش ڕاپەڕینەكە دامركایەوە[٣].

شوێنەوارێكی تر بەسەر دەوڵەتەوە ڕاپەڕینەكەی (سنباذ) بوو. (سبناذ) ناوی (سپەهبود فەیروز) بوو[٤]، ساڵی (١٣٧ك/٧٥٤ز) لە گوندی (ئاهەن)ی سەر بە شاری (نیشاپوور) دەركەوت[٥]. ئەوەش كاتێك كوشتنی كوشتنی (ئەبومەسلیمی خۆراسانی) قۆستەوەو بەمەبەستی تۆڵەكردنەوەی دەستی دایە ڕاپەڕین. ئەو بانگەشەیەش بۆ تۆڵەكردنەوەی خوێنی ئەو كەسایەتییە، هۆكاری خۆی هەبوو، تا ئەوڕووداوە بكاتە بیانوو بۆ بەرگرتن لە سیاسەتەكانی خەلیفە (ئەبوجەعفەری مەنسوور). لەو هەوڵەشیدا دانیشتوانی (قوم و ئیسفەهان)[٦]و هەزاران كەس لە هەرێمەكانی خۆراسان و دەیلەم و تەبەرستان پەیوەندیان پێوەكرد[٧]. دیارە ئەگەرچی هەندێك لە مێژوونووسان مۆركی زەردەشتی[٨]و هەندێكی تر مانەوەیان داوەتە پاڵ ڕاپەڕینەكە[٩]، بەڵام بەشێكی تری مێژوونووس و خۆرهەڵاتناسانیش بە ڕاپەڕینیكی مەزدەكیان زانیووە[١٠]. ئەمەش بەو مانایەی ئەم ڕاپەڕینە وەك

---

(١) أبن النديم: **س.پ، ٤٠٧/٩**، البيروني: **س.پ**، ل٣١٤.

(٢) مشكور: تاريخ، ل١٣١، زرين كوب: تاريخ مردم ايران، ٦١/٢.

(٣) أبن النديم: **س.پ، ٤٠٧/٩**، البيروني: **س.پ**، ل٣١٥، فاروق عمر فوزى: العباسيون الأوائل، الطبعة الأولى، بيروت، (١٩٧٠م)، ٢٨١/١.

(٤) اسلام نيا: **س.پ**، ل١٣.

(٥) الطبري: **س.پ، ٤٣٤/٤**، المقدسي: **س.پ، ٨٢/٦**.

(٦) الطبري: **س.پ، ٤٣٤/٤**، أبن كثير: **س.پ، ٣٤/٦-٣٥**.

(٧) ابن الاثير: **س.پ، ١١٥/٥-١١٦**، فاروق عمر فوزى: العباسيون الأوائل، ٢٨٦/١-٢٨٧، الخلافة العباسية، الطبعة الاولى، دار الشروق للنشر و التوزيع-عمان، (٢٠٠٣م)، ١٠٦/١.

(٨) أبن طقطقى: كتاب الفخري في الأداب السلطانية و الدول الاسلامية، الطبعة الأولى، مطبعة الموسوعات بمصر، القاهرة، (١٣١٧هـ)، ص١٥٤. ص١٥٤.

(٩) **كەیوان ئازاد ئەنوەر: س.پ، لل(٢٧٢-٢٧٣).**

(١٠) المسعودي: **س.پ، ٢٧٩/٣**، زرين كوب: تاريخ مردم ايران، ٦٣/٢، **شپولر: س.پ**، ل١٣٨، العش: **س.پ**، ل٣٤، طقوش: تاريخ الدولة العباسية، ص٥٤، د. حسن جعفر نورالدين: **س.پ**، ل٢٥٢، د. خالد عزام: العصر العباسي، الطبعة الاولى، دار أسامة للنشر و التوزيع-عمان، (٢٠٠٩م)، ص٧١.

ئەوەی (بەها فەرید) چەندین پێکهاتەی ئاییني و ڕەگەزی تێدا بوو، کە هەموویان نەیاریان بۆ دەوڵەت کۆی کردبوونەوە. بەڵگەش بۆ ئەوە شالاّوە یەك لە دوای یەکەکاني سوپای عەباسی بوو بە سەرکردایەتی (عومەری کوڕی عەلا) و (جومهوری کوڕی مراری عەجەلی) لەسەر فرماني خەلیفە (ئەبوجەعفەری مەنسوور) بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕاپەڕینەکە و شکست پێهێناني، کە دواجار بە شکستی کۆتایی پێهات[1]، بەلاّم (سنباذ) تواني دەربازی بێت بۆ هەرێمی تەبەرستان ڕابکات و لەلایەن فەرمانڕەوای ئەو هەرێمەوە دالّدە بدرێت[2].

شوێنەوارێکی تر هەر لە سەردەمی ئەو خەلیفەیەدا بزووتنەوەی ڕاوەندییەکان بوو، کە سالّی (١٤١ك/٧٥٨ز) لە هەرێمی خۆراسانەوە هەلاّیساو دژایەتی دەوڵەتی کرد، بەئامانجی داکۆکی لە باوەڕ و ئاییني خۆیان، بەلاّم ئاییندەی ئەم بزووتنەوەیەش شکست بوو لەلایەن دەوڵەتەوە[3].

ڕاپەڕینەکەی (موقەنەعی خۆراساني)ش هەولێکی تر بوو بەسەر دەوڵەتی عەباسییەوە[4]. ڕاپەڕینەکە لەسالّی (١٦١ك/٧٧٦ز) لە گوندیکی نزیك شاری مەرۆی هەرێمی خۆراسان بە ڕووی دەسەلاّتی خەلیفە مەهدیدا هەلاّیسا[5] و وەك جولاّنەوەیەکی مەزدەکی ناسرا، چونکە پەیام و بنەما و داواکاني ئاییينەکەی جێبەجێکرد[6]. دیارە ئەگەرچی (موقەنەع) یەکێك بوو لە هاوڕێ نزیکەکاني (ئەبو موسلم)و بۆ تۆڵەکردنەوەی تۆڵەکردنەوەی خویني (ئەبو موسلم) هاتە مەیدان و دەستی دایە ڕاپەڕین، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا چەندین لە پەیڕەواني مەزدەکی لەپاڵ پەیڕەواني ماني پەیوەندیان پێوەکرد[7]، بەتایبەت لە هەرێمی خۆراسانەوە[8]. هەربۆیە

---

(١) البلاذري: البلدان (فتوحها و أحكامها)، تحقيق: نجيب الماجدي، الطبعة الأولى، المكتبة العصرية–بيروت، (٢٠٠٨م)، ص٣١٢، الطبري: **س.پ**، ٤٣٤/٤، ابن الاثير: **س.پ**، ١١٦/٥، د.علي ابراهيم حسن: التاريخ الأسلامي العام، الطبعة الثالثة، مطبعة السنة المحمدية، القاهرة، (١٩٦٣م)، ص٣٤٤.

(٢) الطبري: **س.پ**، ٤٣٤/٤، ابن الاثير: **س.پ**، ١١٦/٥، أبن الطقطقي: **س.پ**، ل١٥٤، فاروق عمر فوزى: العباسيون الاوائل، ٢٨٩/١.

(٣) المقدسي: **س.پ**، ٨٣/٦، الذهبي: دول الاسلام، حققه و علق عليه: حسن اسماعيل مروة، قراءة و قدم له: محمود الارناؤوط، الطبعة الثانية، دار صادر للطباعة و النشر–بيروت، (١٩٩٩م)، ١٢٨/١–١٢٩.

(٤) طقوش: تاريخ الدولة العباسية، ص٧٩، عزام: **س.پ**، لل٧٢–٧٣.

(٥) الطبري: **س.پ**، ٦٠٩/٤، ابن الاثير: **س.پ**، ٢٢٧/٥، المقدسي: **س.پ**، ٩٧/٦، زرين كوب: تاريخ مردم ايران، ٦٤/٢، د. حسن ابراهيم حسن: **س.پ**، ٨٩/٢، د.علي ابراهيم حسن: **س.پ**، ل٣٦٣.

(٦) البغدادي: الفرق، ص١٥٦، البيروني: **س.پ**، ل٣١٦، ابن الاثير: **س.پ**، (٢٢٧/٥–٢٢٩)، كارل بروكلمان: تاريخ الشعوب الاسلامية، نقله الى العربية: بنيه امين فارس و منير البعلبكي، الطبعة الرابعة عشر، دار العلم للملايين–بيروت، (٢٠٠٠م)، ص١٨٢، د. حسن ابراهيم حسن: **س.پ**، ٨٩/٢، د. خليل ابراهيم السامرائي و د. طارق فتحي سلطان و د. جزيل عبدالجبار الجومرد: تاريخ الدولة العربية الاسلامية في العصر العباسي (١٣٢–٦٥٦هـ/٧٤٩–١٢٥٨م)، الطبعة الاولى، مطبعة جامعة الموصل–الموصل، (١٩٨٨م)، ص٤١، فاروق عمر فوزى: الخلافة العباسية، ١٤٠/١.

(٧) **الطبري: س.پ، ٦٠٩/٤–٦١٠، د. حسن ابراهيم حسن: س.پ، ٩٠/٢، زرين كوب: تاريخ مردم ايران، ٦٥/٢، کەیوان ئازاد ئەنوەر: س.پ، لل٢٧٧–٢٧٩.**

(٨) زرين كوب: تاريخ مردم ايران، ١٦٥/٢.

هەربۆیە بەشێکی مێژوونووسان بە ڕاپەڕینیکی مەزدەکیان پیناسە کردووە[١]، چونکە (موقەنەع) سەرجەم بنەماکانی ئاییینی مەزدەکی لەمەڕ موڵکایەتی گشتی و ئازادی ڕەگەزی مێینە جێبەجێکرد[٢]. کاریگەری جوڵانەوەکەی (موقەنەع) بەئاستێك بوو، کە (بنیان کوڕی تەغشادە) میری بوخاراو سەمەرقەند و تەنانەت تورکەکانی نیشتەجێی دەریاچەی خەزەریش پەیوەندیان پێوەکردو پشتیوانیان لێکرد[٣]. ئەمەو چەندین هۆز وکەسایەتی عەرەبی پەیوەندیان پێوەکرد، لەوانە (عەبدوڵلا کوڕی عامر) یەکێك لە کەسایەتییە عەرەبییەکانی مەرۆ و خێزان و کچەکەی، چوونە نێو بزووتنەوەکەی. تەنانەت (عەبدوڵلا) لە ناوچەکانی ئەودیوی ڕووبار بانگەشەی بۆ پەیام و داواکانی (موقەنەع) کرد[٤]. بەو هێزە و زۆری لایەنگرانی ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای عەباسییەکان بوویەوە. تەنانەت توانی چەندین شاڵاوی عەباسییەکان تێك بشکێنێت و چەندین مزگەوتی سەرە ڕێگای وێران بکات و ژمارەیەك لە موسڵمانەکانیش بکوژێت[٥]، بەڵام سەرەڕای چەندین سەرکەوتن و ڕووبەڕووبوونەوە دوای (سێ) ساڵ ململانی لە ساڵی (١٦٣ك/٧٧٩ز) لەسەر دەستی (سەعید ئەلجەرشی)و لەسەر فرمانی خەلیفە مەهدی کۆتایی پێهات و خۆیشی کوژرا[٦]. ئەوەش دوای ئەوەی (موقەنەع)و خێزانەکەی و منداڵ و پەیڕەوانی لە قەڵای کیش گەمارۆدران و بەر لەوەی دەست عەباسییەکان بکەون، لەسەر داوای (موقەنەع) خۆیان ژەهرخوارد کرد و مردن[٧]. دواتر سەرکردەی سووپای عەباسی کەللەی سەری (موقەنەع)ی بەدیاری ناردەوە بۆ لای خەلیفە، کە ئەو کاتە لە شاری (حەلەب) بوو، تا لە مردنی و کۆتایی هاتن بە ڕاپەڕینەکە دڵنیابێت. بەوەش ڕاپەڕینەکە دامرکایەوە[٨]. بەدوای ئەویشدا هەر لەسەر فرمانی خەلیفە داوای لە (عومەری کوڕی عەلا) والی تەبەرستان کرا بەرامبەر خوڕەمییەکان بووەستێت و بەتوندی لێیان بدات[٩].

هەر لەگەڵ بزووتنەوەکەی (موقەنەع) خوڕەمییەکانی ناوچەی (گورگان) بەسەرکردایەتی (عەبدولقەهار) ڕاپەڕین و توانی دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن، بەڵام دواجار ڕاپەڕینەکە لەلایەن (عومرۆی کوڕی عەلا)

(١) د. فاروق عمر فوزي: الخلافة العباسية، ١٤٢/١، طقوش: تاريخ الدولة العباسية، ص٧٩، د. حسن جعفر نورالدين: **س.پ**، ل٢٥٣، عزام: **س.پ**، ل٧٢.

(٢) د. فاروق عمر فوزي: الخلافة العباسية، ١٤٢/١.

(٣) د. فاروق عمر فوزي: **س.پ**، ١٤٣/١، عزام: **س.پ**، ل٧٣.

(٤) د. فاروق عمر فوزي: هـ.س، ١٤٣/١.

(٥) النرشخي: **س.پ**، ل٨٠.

(٦) البيروني: **س.پ**، ل٣١٥، أبن الاثير: **س.پ**، ٢٣٥/٥.

(٧) المقدسي: **س.پ**، ٩٧/٦.

(٨) البيروني: **س.پ**، ل٣١٦، أبن الاثير: **س.پ**، ٢٣٥/٥، الذهبي: دول الاسلام، ١٥٠/١.

(٩) الطوسي: **س.پ**، ل٢٦٠، نفيسي: بابك خرم دين، ص١٧.

سەرکوتکرا. (پێنج) ساڵ دوای ئەو ڕاپەڕینەش لە خوڕەمییەکانی ئیسفەهان دەستیان دایە ڕاپەڕین، بەلاّم ئەوانیش لە هەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبوون[١].

لە سەردەمی خەلیفە (هارون ئەلرەشید) جارێکی دیکە خوڕمییەکان دەستیان دایەوە ڕاپەڕین و ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی شارەکانی (ڕەی و هەمەدان) شوێنی کەوتن و ژمارەیان گەیشتە (سەد هەزار) کەس، بەلاّم لەسەر داوای خەلیفە سووپایەکی (٢٠٠٠٠) کەسی نیردرایە سەریان و بەوەش بلاّوەیان پێکرا[٢].

بزووتنەوەکەی (بابەك کوڕی بارام)[٣]، کە بە (بابەکی خوڕەمی) ناسرا، دیارترین و مەترسیدارترین بزووتنەوەو جولاّنەوەی ئاییینی مەزدەکی بوو لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا و لەساڵی (٢٠١ك/٨١٦ز) ڕووبەڕووی دەوڵەتی خەلافەت بوویەوە[٤]. لەم بارەوە زۆریك لە مێژوونووس و ئاییینناس و خۆرهەلاّتناسان ئەو بزووتنەوەیان بە جولاّنەوەیەکی مەزدەکی زانیووە و پێناسە کردووە[٥]. ئەو کەسایەتییەکی ئازاو لێهاتوو بویر بوو[٦]، بۆیە توانی سەرکردایەتی بزووتنەوەکەیەکی بەرفراوان لە ناوچەکانی هەرێمی چیا لە (هەمەدان و ئیسفەهان و ماسبذان)[٧]و هەروەها باکوور و خۆرهەلاّتی ئازەربایجانی گرتەوە، خەڵکانیکی زۆری شوێن کەوتن و پشتیوانیان لێکرد[٨]و بۆ ماوەی (بیست) ساڵ بەرەنگاری دەوڵەتی خەلافەتی کرد[٩]. دیارە (بابەك) شوێنکەوتووی (جاویدان کوڕی شەهرەك) سەرۆکی لقی خوڕەمی ئاییینی مەزدەکی بوو. هەربۆیە دوای مردنی (جاویدان) خێزانەکەی لەخۆی مارەکردو درێژەی بە پەیامەکەیدا[١٠]. هۆکاری ئەو بەرفراوانییەی

---

(١) أبن كثير: س.پ، ٨٦/٦، د. فاروق عمر فوزي: الخلافة العباسية، (١٦٥/١-١٦٧).

(٢) الطوسي: س.پ، ل٢٦٠.

(٣) محمد خضري بك: الدولة العباسية، الطبعة السابعة، دار المعرفة للطباعة و النشر و التوزيع-بيروت، (٢٠٠٥م)، ص١٧١.

(٤) أبن النديم: س.پ، ٤٠٦/٩-٤٠٧، الطبري: س.پ، ٢٣٣/٥، أبن الاثير: س.پ، ١٩/٦، مستوفي قزويني: س.پ، ل٣١٧، أبن كثير: س.پ، ١٧٩/٦، طقوش: التاريخ الاسلامي الوجيز، ص١٦٦.

(٥) أبن النديم: س.پ، ٤٠٦/٩-٤٠٧، المسعودي: س.پ، (٢٧/٤، ٥٠-٥٣)، البغدادي: س.پ، لل٢١٣-٢١٤، مستوفي القزويني: س.پ، ل٣١٧، العماد الحنبلي: شذرات من الذهب في اخبار من ذهب، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، (بلا)، ٢/٢، توين بى: س.پ، ل٤٧٢، نفيسي: بابك خرم دين، ص١٣، اشتياني: س.پ، ل٣٨٤، د. حسن ابراهيم حسن: س.پ، ٩١/٢، العش: س.پ، ل٩٦، طقوش: تاريخ الدولة العباسية، صص( ١٣١-١٣٢)، الفقي: س.پ، لل(٤١، ٤٣)، الدوري: س.پ، ل٨٢، السامرائي و اخرون: س.پ، ل٤٢، د. حسن جعفر نورالدين: س.پ، لل٢٥٤-٢٥٥، د. فاروق عمر فوزي: الخلافة العباسية، (٢٦٦/١-٢٧٢).

(٦) الذهبي: دول الاسلام، ١٩٢/١.

(٧) خضري بك: الدولة العباسية، ص٧٢، العزيز: س.پ، ل١٦٩، بندلي جوزي: من تاريخ الحركات الفكرية في الاسلام، دراسة و تحقيق: د. محمود اسماعيل: الحركات السرية في الاسلام، الطبعة الخامسة، دار سينا للنشر- القاهرة، مصر، مؤسسة الانتشار العربي- بيروت، (١٩٩٧م)، ص٨١.

(٨) البلاذري: س.پ، لل٣٠٤-٣٠٥، مستوفي قزويني: س.پ، ل٣١٦، اشتياني: س.پ، ل٣٨٤، جوزي: س.پ، ل٨١، العزيز: س.پ، ل١٦٩.

(٩) العماد الحنبلي: س.پ، (٢/٢-٤٩)، زرين كوب: دو قرن سكوت، ل٢١٧.

(١٠) أبن النديم: س.پ، ٤٠٧/٩، خضري بك: الدولة العباسية، ص١٧٢، زرين كوب: تاريخ مردم ايران، ٦٩/٢، اسلام نيا: س.پ، ل١١.

بزووتنەوەکەش ئەوە بووە، کە لەلایەك (بابەك) کاری بۆ ئەوە کرد، کە موڵکی تایبەتی بکاتە موڵکی گشتی و ڕەگەزی مێینەی بۆ نێرینە ئازاد بکات[١]. ئەمەو هەوڵیدا چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زار و ململانێی نێوان جوتیار و خاوەن موڵکەکان بکات[٢]. یەکێك لە شوێنەوارەکانی ئەم ئایینەش بەسەر دەوڵەتەکەوە ئەوە بوو، کە ناوی باوکی سەرکردەیەکی بزووتنەوەکە (مەزەك) بوو. ئەوەش ئەمانگەیەنێتە ئەوەی، کە لەو سەردەمەدا (مەزدەك) ناوی چەندین کەسایەتی و جێگای سەرنج و خۆشەویستی چەندین خەڵکی جیاجیا بووە. وەك ئەوەی ناوی باوکی (عەلی) وەك سەرکردەیەکی دیاری بزووتنەوەی خوڕەمی لە هەرێمی ئیسفەهان (مەزدەك) بوو. ئەویش لە هەرێمی (ئیسفەهان)ەوە پەلاماری شاری (کەرەج)یدا و تالانی کرد. تەنانەت کچ و ژنە موسڵمانەکانی ئەو شارەی کردە کەنیزەك. لەو هەرێمەشەوە بەرەو هەرێمەکانی (فارس و ئازەربایجان) بڵاوبوویەوە[٣].

ڕاپەڕینەکە تا سەردەمی خەلیفە (موعتەسەم)ی عەباسی درێژەی کێشا، دوای ئەوەی لەپێناو لێدان و دامرکاندنەوەی بزووتنەوەکە (حەیدەر کوڕی کاوس) ناسراو بە (ئەفشین)ی کردە والی هەرێمەکانی (ئازەربایجان و ئەرمینیا و چیا)[٤]. ئەمەو فرمانی پێکرد دەستی والا بکات و بەهۆی بەخشینی پارە بە سەرۆك هۆز و سەرۆك خێڵ و کەسایەتییەکان و دانیشتوانی سنووری دەسەلاتی بابەك، هەوڵی ڕاکێشانیان بدات و لە بابەك هەڵگەڕێنەوە و پشتی تێبکەن و تەنیای بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش یەك ملیۆن دیناری پیدا، تا لەو پلانەیدا خەرجی بکات. ئەوەش بەو مانایە بوو، کە ئەوانەی شوێن بابەك کەوتبوون لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە سامان و دارایی بۆ هەمووانە، بۆیە خەلیفەش هەر بە پارە و سامان ئەوانی کڕی و دواتر لە بزووتنەوەکەیدا. تەنانەت (موعتەسم) فرمانی بەتاڵانبردنی سەروو ماڵی بابەك و لایەنگرانی و بەکەنیزەك کردنی ژن و کچەکانیانی دەرکرد[٥]، چونکە دایك و ژن و خوشکی بابەك لە تێڕوانینی دەوڵەتدا داوێن پیس و بەدڕەوشت بوون[٦]. لەکاتێکدا ئەوە بۆچوونی عەباسییەکان و بەرپرسانی دەوڵەت بوو، کەچی لە سەدەی نۆیەمی زایینی بەدواوە یەك خەلیفەی عەباسی نەبوو لە باوك و دایکێکی عەرەبی و بە شەرعی لەدایك بووبن، بەڵکو هەموویان لەو کەنیزەکانە لەدایکبوون، کە لە کۆشکی خەلافەتدا بۆ خەلیفەکانی عەباسی دابین کرابوون، تا حەز و خۆشییەکان لەگەڵ بەسەر ببەن. واتە بی پرۆسەی هاوسەرگیری لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلام، چوونە لای ئەو

(١) المقدسي: أحسن التقاسيم في معرفة الاقاليم، الطبعة الثانية، مطبعة بريل-ليدن، (١٩٠٤م)، ٣٠/٤.
(٢) طقوش: تاريخ الدولة العباسية، صص١٣٢-١٣٣.
(٣) الطوسي: س.پ، لل٢٦٠-٢٦١.
(٤) البلاذري: س.پ، ل٣٠٤.
(٥) مسكويه: س.پ، (١٨٩/٤-١٩٥)، أبن كثير: س.پ، ٢٠٨/٦، الذهبي: دول الاسلام، ١/(١٩٠-١٩٣).
(٦) المقدسي: البدء و التاريخ، ١١٧/٦.

کەنیزەکانەوە و منداڵیان لێ بوو، کە دواتر بوونە خەلیفە[(١)]. کۆتایی ئەو بزووتنەوەیەش لەساڵی (٢٢٣ك/٨٣٨ز) بە داگیرکردنی مەڵبەندی ڕاپەڕینەکە و دەستگیرکردنی خودی (بابەك)و دایکی و خێزانی و منداڵەکانی و (عەبدوللا)ی برای بوو، کە بەدیلی هێنرانە (سامەرا)ی پایتەخت بۆ لای خەلیفە. دواجار دایکی و خێزانی و کچەکانی کرانە کەنیزەك و خۆی و عەبدوللای براشی لەخاچدران. ئەوەش دوای ئەوەی دەست و قاچاکانیان برین و سەریان لە لاشەی جیاکرانەوە دواتر لەخاچدران. ئەمەو لەبەرامبەر ئەو چاکەیەی (ئەفشین) لەگەڵ خەلیفە کردی کرایە والی ویلایەتی سیند و بڕی (یەك ملیۆن) دیناری پێدا[(٢)]. هەروەها نابێت ئەوەش نادیدە بگیرێت، کە لەماوەی (بیست) ساڵی ڕاپەڕینەکەدا نزیکەی (٢٥٥٠٠) کەس لەگەڵ (بابەك) کوژران. ئەمەو جگە لەوەی (٧٦٠٠) دیلیش، کە لە زیندانەکانی (بابەك)دا بوون دوای شکستی ڕاپەڕینەکە کەوتنە دەست عەباسییەکان[(٣)]. هەموو ئەوانەش ئاماژە بوون بە گەورەیی و بەرفراوانی و کاریگەری بزووتنەوەکە بەسەر دەوڵەت و ناوچەکانی سنووری دەسەڵاتی بابەك.

شوێنەوارێکی تری مەزدەکی دوای ئەو بزووتنەوەیە، هەوڵەکەی (مازیاری کوڕی قارن کوڕی بەندار) بوو[(٤)]. ئەو لەسەردەمی بزووتنەوەکەی (بابەکی خوڕەمی)دا یەکێك لەو کەسایەتیانەی پەیوەندی لەگەڵیدا هەبوو وە هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخواست[(٥)]. بەبۆچوونێك بەتۆمەتی هاوکاری نەکردن لەگەڵ ئەفشین بۆ لێدانی ئەو بزووتنەوەیە تۆمەتبارکراوە[(٦)]. بەڵگەش بۆ ئەوە لەخاچدان و هەڵواسینی بوو لەسەر فرمانی خەلیفە خەلیفە (موعتەسەمی عەباسی) لەساڵی (٢٢٤ك/٨٣٨ز) دوای بەدیلگیرانی و ڕاپێچکرانی بۆ شاری (سامەرا)، بەرامبەر ئەو شوێنەی (بابەك)ی تێدا لەخاچدرا[(٧)]. دوا شوێنەواری مەزدەکیش لەسەردەمی عەباسی یەکەم هەڵگەڕانەوەکەی (مەنکەجوری فەرغانی) بوو لەساڵی (٢٢٤ك/٨٣٨ز)، بەڵام چارەنووسەکەی بەرەو شکست چوو[(٨)].

---

(١) أبن كثير: س.پ، ٢٠٨/٦، ديورانت: س.پ، ١١٠/٢١، هەروەها بڕوانە:
Quoted: Classical Islamic A History 600A.D–1258A.D, Chicago, U.S.A, 1970A.C, PP80–81.

(٢) اليعقوبي: س.پ، ٣٢٣/٢، أبن الاثير: س.پ، ٢٩/٦، مستوفي قزويني: س.پ، ل٣١٧، أبن كثير: س.پ، ٢٠٨/٦.

(٣) الطبري: س.پ، ٢٦١/٥، خضري بك: الدولة العباسية، ص١٧٣.

(٤) البغدادي: س.پ، ص٢١٣، مستوفي القزويني: س.پ، ل٣١٨، د.حسن ابراهيم حسن: س.پ، ٩٤/٢، زرين كوب: تاريخ مردم ايران، ٧١/٢، الفقي: س.پ، ل٤٣، طقوش: تاريخ الدولة العباسية، ص١٣٢، د. حسن جعفر نورالدين: س.پ، ل٢٥٢.

(٥) مستوفي القزويني: س.پ، ل٣١٨، أبن كثير: س.پ، ٢١٣/٦.

(٦) اشتياني: س.پ، ل٣٨٥.

(٧) الطبري: س.پ، ٢٧٧/٥–٢٧٨، المسعودي: س.پ، ٥٥/٤، البغدادى: س.پ، ل٢١٤، أبن الاثير: س.پ، ٨٣/٦، اشتياني: س.پ، ل٣٨٥.

(٨) د. فاروق عمر فوزي: الخلافة العباسية، ٢٧٨/١.

لە کۆی ئەو ڕاپەڕین و جوڵانەوە و بزووتنەوانەشەوە دەگەینە ئەوەی، کە لە سەردەمی عەباسی یەکەمدت، کە بە سەردەمی زێڕینی دەوڵەتەکە ناسراوە، نیوی سەردەمەکە ئاییینی مەزدەکی و پەیڕەوانی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسیان بەخۆیانەوە سەرقاڵکرد. ئەمەو لە کۆی (دە) خەلیفەی سەردەمەکەش (پێنج) خەلیفە ڕووبەڕووی پەیڕەوانی مەزدەکی و ڕاپەڕین و بزووتنەوەکانیان بوونەوە، کە هەریەك لە (ئەبو جەعفەری مەنسوور، مەهدی، هارون ئەلڕەشید، مائمون، موعتەسەم) بوون. ئەمەو کاریگەری ئاییینەکە و پەیڕەوانی بەسەر دەوڵەتەوە کەم نەبوو، چونکە سەرباری ئەوەی چەندین خەلیفەی عەباسی و فەرماندەی سووپا و هێزی سەربازی بەخۆیەوە سەرقاڵکرد و چەندین هەرێم و ناوچەی بە نائارامی بۆ دەوڵەت هێشتەوە. ئەمەو جگە لەوەی لەپێناو لێدان و دامرکاندنەوەی هەریەك لەو ڕاپەڕین و جوڵانەوە و بزووتنەوانە سامان و داراییەکی زۆری تێدا خەرجکراو زۆریش لەسەر دەوڵەت و گەنجینەکەی کەوت. بەتایبەت لەسەر ڕاپەڕینەکەی (موقەنەعی خۆراسانی)، کە (سێ) ساڵی خایاند و بزووتنەوەکەی (بابەکی خوڕەمی)، کە بیست ساڵ دەوڵەتی خەلافەت و دوو خەلیفەی بەخۆیەوە سەرقاڵکرد.

ئەنجام: لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەی خوارەوە و دوای تاوتویکردن و بەراوردکردنی چەندین سەرچاوەی کۆن و نوی بەچەندین زمانی جیاجیا بەیەکتری، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١ .ئاییینی مەزدەکی بۆ کەسایەتییەکی ئاییینی بەناوی (مەزدەکی کوڕی بامداد) دەگەڕێتەوە، کە ساڵی (٤٨٨ز) و لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی (قوبادی یەکەمی ساسانی) دەرکەوت و بوونی خۆی سەلماند. هەروەها توانی قەناعەت بە پادشای ساسانی بکات سەرباری ئەوەی باوەڕ بە ئاییینەکەی بهێنێت، بیکاتە ئاییینی فەرمی دەوڵەتەکەی. دواتر لەلایەن (ئەنوشیروانی ساسانی) لەساڵی (٥٣٦ز) لێدراو دژایەتی توندی پەیامەکەی و پەیڕەوانیشی کرا، کەچی شوێنەواری ئەو ئاییینە، تا کۆتایی سەردەمی عەباسی یەکەمیش بە کاریگەری مابوو.

٢ .(مەزدەك) لە پەیام و بانگەشەکەیدا بارودۆخی سیاسی و ئاییینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئیمپراتۆریێتی ساسانی ڕچاوکرد، بۆیە بە پەیامیکەوە دەرکەوت، تا وەڵامی ئەو دۆخە ناهەموارەی سەردەمەکەی بداتەوە. هەربۆیە توانی (قوبادی یەکەم)ی پادشای ساسانی قایل بکات، تا باوەڕ بە پەیامەکەی بهینێت و بیکاتە ئاییینی فەرمی دەوڵەتەکەی. بەو ڕووداوەش زەمینەیەکی لەبار بۆ بڵاوبوونەوەی پەیامەکەی ڕەخسا، کە شوێنەوارەکانی بۆ چەندین سەدەی دواتر بەجێما.

٣. لەگەڵ ئەوەی لای زۆریك لە ئاییینناس و مێژوونووس و توێژەر و گەشتیار و خۆرهەڵاتناس (مەزدەك کوڕی بامداد) بە پەیامبەر نەناسیووەو پەیامەکەشیان بە ئاییینیکی ئاسمانی یان زەمینی ناونەبردووە، بەهۆی ئەوەی (مەزدەك) سامان و دارایی و ڕەگەزی مێینەی بە موڵکی گشتی دانا، بەڵام گومانی تێدا نییە و وەك لەو توێژینەوەیەدا کارمان لەسەر کردووە و شیکردنەوەی پێویستمان بۆ ئەنجامداوە، ئەو خاوەنی پەیامیکی ئاییینی و پەیڕەوانیشی وەك پەیڕەوانی هەر ئاییینیك خۆیان ناساند و ناسێنران. ئەمەو لێکدانەوەی هەڵە بۆ پەیامەکەی

كرا. تەنانەت ئەگەر بە توندی لەلایەن ئاییینەكانی ترەوە دژایەتی نەكرایە، ئەستەم وا بە سانایی بەرەو پووكانەوە بچێت. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا شوێنەوارەكانی تا ساڵ و سەدەكانی دواتری دوای ڕووخانی ئیمپراتۆرێتی ساسانی و سەردەمی عەباسی یەكەم هەر مایەوە.

٤. بە وەرگێڕانی كتێبی (زەند)ی كتێبی پیرۆزی ئاییینی مەزدەكی لەلایەن (ئیبنولموقەفەع) لە سەدەی (دووەمی كۆچی بەرامبەر بە هەشتەمی زایینی) بۆسەر زمانی عەرەبی زمانی فەرمی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی، باوەڕ و پەیامی ئاییینەكەی بەسەردەم و كۆمەڵگای عەرەبی و ئیسلامی و تەنانەت عەباسیش ناساندەوە.

٥. كاریگەری و شوێنەواری پەیامەكەی مەزدەك لە سەردەمی عەباسی یەكەم بە بەهێزی مایەوە. بەڵگەشمان بۆ ئەوە جگە لە بوونی چەندین كۆمەڵی پەیڕەوی مەزدەكی بوون لە ناوچە جیاجیاكانی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی وەك كۆمەڵەكانی (ڕاوەندی و خورەمی)و سەرهەڵدانی چەند جوڵانەوە و بزووتنەوەیەكی ئاییینی مەزدەكی لەو سەردەمەدا، كە دیارترینیان ڕاپەڕینەكانی (سنباذ و موقەنەعی خۆراسانی)و هەروەها بزووتنەوەكەی (بابەكی خوڕەمی) بوو. بەتایبەت ئەوەی دواییان بۆ ماوەی (بیست) ساڵ (دوو) خەلیفە عەباسی (مائمون و موعتەسەم)ی بەخۆیەوە سەرقاڵكرد.

٦. شوێنەواری ئەو ئاییینە بەسەر ئەو دەوڵەتەوە سەرباری ئەوەی كێشەیەكی سیاسی و ئاییینی بۆ دەوڵەتی خەلافەت دروستكرد، لەهەمانكاتدا جارێكی دی هێز و توانای بە بەر پەیڕەوانی و ئەوانە دایەوە، كە هەوادار و لایەنگر و هۆگری ئەم ئاییینە بوون. هەر وەك ئەوەی لە سەردەمی دووەمی عەباسییەكاندا كۆمەڵی (عەییاری و شەتار)ی لەژێر كاریگەری ئەو بیرە ئاییینەدا دەركەوتن و بوونە مەترسی بۆ ئەو قۆناغە مێژووییە.

٧.دواجار پێمان وایە ئەو (مەزدەكی) وەك هەر ئایین و باوەڕێكی ئاییینی لە هەلومەرجیكی تایبەتدا دەركەوت و گەشەی كرد، بۆیە مانەوەی و زیندووهێشتنەوەی و پەیڕەوانی، دەبوو لە هەر سەرهەڵدانی دۆخیكی نالەباری ئابووری و ئاییینی و سیاسی بە شێوەیەكی تر سەرهەڵبداتەوە، هەر وەك ئەوەی لەسەردەمی عەباسی یەكەم لەشێوەی پەیڕەوانی (ڕاوەندی و خورەمی)و دواتریش لەسەدەی نۆزدەیەمی زایینی لە بەرگی سۆشیالیستێدا دەركەوتەوە، چونكە كێشە دارایی و كۆمەڵایەتییەكان بەردەوامیان هەبوو.

**سەرچاوەكان**

**یەكەم: كتێبە پیرۆزەكان:**

**دووەم: سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی:**

**١.سەرچاوە ڕەسەنەكان:**

ابن الاثير، أبي الحسن بن أبي كرم محمد بن عبدالكريم الجزري/(٦٣٠هـ/١٢٣٢م)

١.الكامل في التاريخ، تحقيق: خيري سعيد، الطبعة الاولى، المكتبة التوفيقية– القاهرة، (بلا).

الاسفراييني، أبو المظفر أبراهيم بن محمد بن ابراهيم بن مهران/(٤١٨هـ/١٠٢٧م)

٢. التبصير في الدين، الطبعة الاولى، عالم الكتب-بيروت، (١٩٨٣م).

الاصطخري، أبي اسحاق أبراهيم بن محمد الفارسي/(٣٤٠هـ/ ٩٥١م)

٣. المسالك و الممالك، تحقيق: محمد جابر عبدالعال الحيني، مراجعة: محمد شفيق غربال، الطبعة الاولى، (١٩٦١م).

اصفهاني، فتح علي بنداري/(٦٤٣هـ/١٢٤٥م)

٤. زبدة النصرة، تحقيق: هوتسما، الطبعة الاولى، ليدن، (١٨٨٩م).

أبن أعثم الكوفي، ابي محمد احمد/(٣١٤هـ/٩٢٦م)

٥. كتاب الفتوح، الطبعة الاولى، مطبعة مجلس دائرة المعارف الاسلامية-حيدر اباد-دكن، (١٩٦٩م).

البغدادي، عبدالقادر بن طاهر بن محمد/(٤٢٩هـ/١٠٣٧م)

٦. الفرق بين الفرق، دراسة و تحقيق: مجدي فتحي السيد، الطبعة الاولى، المكتبة التوفيقية-القاهرة، (بلا).

البلاذري، أبي الحسن احمد بن يحيي بن جابر/(٢٧٩هـ/٨٢٩م)

٧. البلدان (فتوحها و أحكامها)، تحقيق: نجيب الماجدي، الطبعة الاولى، المكتبة العصرية-بيروت، (٢٠٠٨م).

البيروني، ابي الريحان محمد بن احمد/(٤٤٠هـ/١٠٤٨م)

٨. الاثار الباقية، ترجمة: اكبر داناسرشت، ضاث ثنجم، أنتشارات امير كبير-تهران، (١٣٦٣هـ.ش).

الثعالبي، ابو منصور عبدالملك بن محمد بن اسماعيل/(٤٢٩هـ/١٠٣٧م)

٩. ثمار القلوب، تحقيق: محمد أبوالفصل أبراهيم، الطبعة الاولى، القاهرة، (١٩٦٥م).

ابن حزم الاندلسي، علي بن احمد/(٤٥٦هـ/١٠٦٤م)

١٠. الفصل في الملل و الاهواء و النحل، تحقيق: احمد سيد سيد احمد علي، الطبعة الاولى المكتبة التوفيقية-القاهرة، (٢٠٠٣م).

ابوالحسين المطي، محمد بن احمد بن عبدالرحمن/(٣٧٧هـ/٩٨٦م)

١١. التنبية و الرد علي اهل الاهواء و البدع، تحقيق: محمد زاهد الكوثري، الطبعة الاولى، بلا، (١٩٤٩م).

ابن خلدون، ابو زيَد عبدالرحمن بن عمر/(٨٠٨هـ/١٤٠٧م)

١٢. تاريخ العبر وديوان المبتدا والخبر في أيام العرب و العجم والبرير ومن عاصرهم من ذوي السلطان الأكبر، اعتني بة: عادل بن سعد، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، (بلا).

الدينوري، ابو حنيفة أحمد بن داود/(٢٨٢هـ/٨٩٤م)

١٣. الأخبار الطوال، قدم لة و وثق نصوصة و ضح حواشية: د.عصام محمد الحاج علي، الطبعة الاولى، منشورات محمد علي بيضون، دار الكتب العلمية-بيروت، (٢٠٠١م).

الذهبي، شمس الدين أبن عبدالله محمد بن احمد بن عثمان/(٧٤٨هـ/١٣٤٧م)

١٤. دول الاسلام، حققه و علق عليه: حسن اسماعيل مروة، قراءة و قدم له: محمود الارناؤوط، الطبعة الثانية، دار صادر للطباعة و النشر-بيروت، (١٩٩٩م).

١٥. سير اعلام النبلاء، تحقيق: حسن الاسد، الطبعة الاولى، بيروت، (١٩٨٢م).
الرازي، فخر الدين ابو عبدالله محمد بن عمر بن حسين/(٦٠٦هـ/١٣١٠م)
١٦. اعتقادات فرق المسلمين و المشركين، الطبعة الاولى، دار الكتاب العربي— بيروت، (٢٠٠٦م).
السيوطي، جلال عبدالرحمن/(٩١١هـ/١٥٠٥م)
١٧. تاريخ الخلفاء، تحقيق: محمد محي الدين، الطبعة الاولى، القاهرة، (١٩٥٢م).
الشهرستاني، ابو الفتح محمد بن عبدالكريم/(٥٤٨هـ/١١٥٣م)
١٨. الملل و النحل، صححه و علق عليه: الاستاذ احمد فهمي محمد، الطبعة السابعة، دار الكتب العلمية— بيروت، (٢٠٠٧م).
الطبري، ابي جعفر محمد بن جرير/(٣١٠هـ/٩٢٢م)
١٩. تاريخ الامم و الملوك، تحقيق: مصطفي السيد و طارق سالم، الطبعة الثانية، المكتبة التوفيقية–القاهرة، (بلا).
أبن طقطقي، محمد بن علي بن طباطبا/ المتوفي سنة (٧٠٩هـ/١٣٠٩م).
٢٠. كتاب الفخري في الأداب السلطانية و الدول الاسلامية، الطبعة الاولى، مطبعة الموسوعات بمصر، القاهرة، (١٣١٧هـ).
الطوسي، خواجه نظام الملك/(٤٨٥هـ/١٠٩٢م)
٢١. سياست نامه–سير الملوك، ترجمة: د. يوسف حسين البكار، الطبعة الاولى، دار القدس–بيروت، (بلا).
العلوي، ابوالمعالي محمد بن الحسين/(٤٨٥هـ/١٠٩٢م)
٢٢. بيان الاديان–شرح اديان و مذاهب جاهلي و اسلام، ترجمة: هاشم رضى، **چاپ اول**، انتشارات مطبوعاتى فراهانى–تهران، (١٣١٢هـ.ش).
العماد الحنبلي، أبي الفلاح عبدالحي احمد بن محمد بن العماد العكري/(١٠٨٩هـ/١٦٧٩م)
٢٣. شذرات من الذهب في اخبار من ذهب، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية–بيروت، (بلا).
فضل الله العمري، أبوالعباس شهاب الدين أحمد بن فضل الله بن يحيي/(٧٨٥هـ/١٣٨٤م)
٢٤. جامع التواريخ، الطبعة الاولى، أنتشارات دانش **پژوه**–طهران، (١٩٦٠م).
أبن قتيبه، الامام الفقية أبي محمدعبدالله بن مسلم/ المتوفي سنة (٢٧٦هـ/٨٨٩م)
٢٥. الأمامة والسياسة، الطبعة الاولى، مطبعة القاهرة–القاهرة، (١٩٠٤م).
٢٦. كتاب المعارف، الطبعة الاولى، دار الكتب– القاهرة، (١٣٥٣هـ).
أبن كثير، أبوالفداء عمادالدين اسماعيل بن عمر بن كثير القرشي/(٧٧٤هـ/١٣٧٢م)
٢٧. البداية و النهاية في التاريخ، تحقيق و توثيق: صدقي جميل العطار، الطبعة الاولى، دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع–بيروت، (٢٠٠٨م).

أبن بطوطة، محمد بن عبدالله بن محمد اللواتي/(٧٧٩هـ/١٣٧٧ز)

٢٨. تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الأصفار، الطبعة الاولى، دار الشروق العربي-بيروت، (بلا).

ابن المرتضي، احمد بن يحيي بن المرتضي بن المفضل بن منصور الحسني/(٨٤٠هـ/١٤٣٦م)

٢٩. المنية و الامل في شرح الملل و النحل، الطبعة الاولى، دار الفكر-بيروت، (١٩٧٩م).

المسعودي، ابو الحسن علي بن الحسين/(٣٤٥هـ/٩٥٦م)

٣٠. مروج الذهب و معادن الجوهر، عني بة: د. محمد هشام النعسان و عبدالحميد طعمة حلبي، الطبعة الثانية، دار المعرفة-بيروت، (٢٠٠٥م).

مسكوية، ابي علي احمد بن محمد بن يعقوب/(٤٢١هـ/١٠٣٠م)

٣١. تجارب الامم و تعاقب الهمم، تحيق: سيد كسروي حسن، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، (٢٠٠٣م).

المقدسي، شمس الدين بن عبداللة/(٣٧٨هـ/٩٨٧م)

٣٢. أحسن التقاسيم في معرفة الاقاليم، الطبعة الثانية، مطبعة بريل-ليدن، (١٩٠٤م).

المقدسي، مطهر بن طاهر/(٨٤٥هـ/١٤٤١م)

٣٣. البدء و التاريخ، نشرة و علق علية: كليمان هوار، قدم له هذة الطبعة: د. محمود اسماعيل، الطبعة الثانية، مطابع الهيئة المصرية العامة-القاهرة، (٢٠١٠م).

مؤلف مجهول/(مجهول الهوية)

٣٤. التاريخ السعردي-تاريخ نسطور غير منشور-وقائع سيرت، اعد للنشر و حققة: ادي شير، الطبعة الثانية، مطبعة سردم-السليَمانة، (٢٠١٠م).

ابن النديم، أبو الفرج محمد بن أبي يعقوب/(٣٨٥هـ/٩٩٥م)

٣٥. الفهرست، تحقيق: رضا تجدد بن علي بن زين العابدين الحائري المازندراني، الطبعة الثالثة، دار المسيرة-بيروت، (١٩٨٨م).

النوبختي، أبي محمد الحسن بن موسي/(القرن الرابع الهجري/العاشر الميلادي)

٣٦. فرقة الشيعة، الطبعة الاولى، دار الاضواء للطباعة و النشر و التوزيع-القاهرة، (١٩٨٤م).

ياقوت الحموي، شهاب الدين ابي عبدالله ياقوت بن عبدالله/(٦٢٦هـ/١٢٢٨م)

٣٧. معجم البلدان، قدم لها: محمد عبدالرحمن المرعشلي، الطبعة الاولى، دار الاحياء التراث العربي-بيروت، (٢٠٠٨م).

اليعقوبي، احمد بن ابي يعقوب/(٢٩٢هـ/٩٠٤م)

٣٨. تاريخ اليعقوبي، علق علية و وضح حواشية: خليل منصور، الطبعة الثانية، مطبعت شريعت-قم المقدسة، (١٤٢٥هـ.ق).

**ب. سەرچاوە نوییەكان:**

احمد امين/

٣٩. ضحي الاسلام، قدم له و علق عليه، احمد السيد و سيد احمد علي، الطبعة الاولى، المكتبة التوفيقية-القاهرة، (بلا).

٤٠. فجر الاسلام، الطبعة الاولى، دار الكتاب العربي-بيروت، لبنان، مكتبة النهضة المصرية-القاهرة، (٢٠٠١م).

ايرواني زاده، د. عبدالغني و د. نصرالله شاملي/

٤١. الادب العربي و الايرانيون من بداية الفتح الاسلامي الى سقوط بغداد، الطبعة الاولى، نشر ذره-طهران، (١٣٨٦هـ.ش).

باقري، د. مهري/

٤٢. الموسوعة الاسلامية الكبري- مدخل ايران، الطبعة الاولى، مركز الموسوعة الاسلامية الكبري-طهران، (١٩٨٩م).

بروكلمان، كارل/

٤٣. تاريخ الشعوب الاسلامية، نقله الي العربية: بنيه امين فارس و منير البعلبكي، الطبعة الرابعة عشر، دار العلم للملايين-بيروت، (٢٠٠٠م).

جوزي، بندلي/

٤٤. من تاريخ الحركات الفكرية في الاسلام، دراسة و تحقيق: د. محمود اسماعيل: الحركات السرية في الاسلام، الطبعة الخامسة، دار سينا للنشر- القاهرة، مصر، مؤسسة الانتشار العربي- بيروت، (١٩٩٧م).

الحفني، د. عبدالمنعم/

٤٥. موسوعة الفرق و الجماعات و المذاهب و الاحزاب و الحركات الاسلامية، الطبعة الاولى، مكتبة مدبولي-القاهرة، (١٩٩٩م).

الحديثي، د.قحطان عبدالستار و د.صلاح عبدالهادي الحيدري/

٤٦. دراسات في تاريخ الساساني والبيزنطي، الطبعة الاولى، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة البصرة-البصرة، (١٩٨٦م).

حسن ابراهيم حسن/

٤٧. تاريخ الاسلام، الطبعة الخامسة عشر، دار الجيل-بيروت، (بلا).

د. حسن جعفر نورالدين/

٤٨. شعر التمرد في الاعصر العباسية، الطبعة الاولى، رشاد برس للطباعة و النشر-بيروت، (٢٠٠٣م).

الخشاب، يحيي/

٤٩. التقاء الحضارتين العربية و الفارسية، الطبعة الثانية، القاهرة، (١٩٧٠م).

خضري بك، محمد/

٥٠. الدولة الاموية، اعتني به: د.درويش جويدي، الطبعة الاولى، المكتبة العصرية-صيدا، (٢٠٠٣م).

٥١. الدولة العباسية، الطبعة السابعة، دار المعرفة للطباعة و النشر و التوزيع-بيروت، (٢٠٠٥م).

الدوري، د. عبدالعزيز/
٥٢. مقدمة في تاريخ صدر الاسلام، الطبعة الاولى، مركز دراسات الوحدة العربية-بيروت، (٢٠٠٥م).
ديورانت، ول/
٥٣. قصة الحضارة: ترجمة: محمد بدران، مراجعة: لجنة من الاختصاصيين، باشراف: د.سعيد اللحام، الطبعة الاولى، دار نوبلس للنشر-بيروت، (٢٠٠٨م).
الزبيدي، د. صلاح مهدي/
٥٤. دراسات في الشعر العباسي، الطبعة الاولى، الاكاديميون للنشر و التوزيع-عمان، (٢٠٠٤م).
الزهراني، محمد بن مسفر/
٥٥. نظام الوزارة في الدولة العباسية-العهدان البويهي و السلجوقي، الطبعة الثالثة، مؤسسة الرسالة-بيروت، (١٩٨٦م).
السامرائي، د. خليل ابراهيم و د. طارق فتحي سلطان و د. جزيل عبدالجبار الجومرد/
٥٦. تاريخ الدولة العربية الاسلامية في العصر العباسي (١٣٢-٦٥٦ه/٧٤٩-١٢٥٨م)، الطبعة الاولى، مطبعة جامعة الموصل-الموصل، (١٩٨٨م).
السقاف، ابكار/
٥٧. الدين في الهند و الصين و ايران، الطبعة الاولى، مؤسسة الانتشار العربي-بيروت، (٢٠٠٤م).
صديقي، د. غلام حسين/
٥٨. الحركات الدينية المعارضة للاسلام في ايران في القرنين الثاني و الثالث الهجريين، ترجمة: د. مازن اسماعيل النعيمي، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة و النشر و التوزيع-دمشق، (٢٠١٠م).
عليان، رشدي، و سعدون الساموك/
٥٩. الاديان-دراسة تاريخية مقارنة عند الاديان القديمة، الطبعة الاولى، جامعة بغداد، بغداد، (بلا).
العمرو، علي عبدالرحمن/
٦٠. أثر الفرس السياسي في العصر العباسي الاول، الطبعة الخامسة، بلا، (١٩٩٣م).
ابو عوض، عاطف شكري/
٦١. الزندقة و الزنادقة، الطبعة الاولى، دار الفكر-عمان، (بلا).
طقوش، د. محمد سهيل/
٦٢. التاريخ الاسلامي الوجيز، الطبعة الخامسة، دار النفائس-بيروت، (٢٠١١م).
٦٣. تاريخ الدولة العباسية، الطبعة الثالثة، دار النفائس للطباعة و النشر و التوزيع-بيروت، (٢٠٠١م).
عبدالقادر صالح/
٦٤. العقائد و الاديان، الطبعة الثانية، دار المعرفة-بيروت، (٢٠٠٦م).
عدنان أبوعشمه، يوسف الامير/

٦٥. مزدك و المزدكية، الطبعة الاولى، دمشق، (٢٠١٤م).
عزام، د. خالد/
٦٦. العصر العباسي، الطبعة الاولى، دار أسامة للنشر و التوزيع-عمان، (٢٠٠٩م).
العزيز، حسين قاسم/
٦٧. البابكية، الطبعة الاولى، دار النهضة، بغداد، (١٩٦٦م).
العش، د. يوسف/
٦٨. تاريخ عصر الخلافة العباسية، راجعة و صححة: محمد أبوالفرج العش، الطبعة الثانية، دار الفكر-دمشق، (٢٠٠٣م).
علبي، أحمد/
٦٩. العهد السري للدعوة العباسية أو من الامويين الي العباسيين، الطبعة الاولى، دار الفارابي-بيروت، (١٩٨٨م).
د.علي أبراهيم حسن/
٧٠. التاريخ الأسلامي العام، الطبعة الثالثة، مطبعة السنة المحمدية، القاهرة، (١٩٦٣م).
فاروق عمر فوزي/
٧١. الخلافة العباسية، الطبعة الاولى، دار الشروق للنشر و التوزيع-عمان، (٢٠٠٣م).
٧٢. العباسيون الأوائل، الطبعة الاولى، بيروت، (١٩٧٠م).
الفقي، د. عصام عبدالرؤوف/
٧٣. دراسات في التاريخ الدولة العباسية، الطبعة الاولى، دار الفكر العربي للطبع و النشر-القاهرة، (٢٠٠٠م).
فلوتن، فان/
٧٤. السيادة العربية، ترجمة: حسن ابراهيم حسن و الشيخ محمد زكي ابراهيم، الطبعة الاولى، القاهرة، (١٩٣٤م).
كناس، محمد راجي حسن/
٧٥. مفردات من الحضارة الاسلامية، قدم له: د. أحمد الطحان، الطبعة الاولى، دار المعرفة للطباعة و النشر و التوزيع-بيروت، (٢٠٠٣م).
لسترنك. كي/
٧٦. بلدان الخلافة الشرقية، نقله الي العربية: بشير فرنسيس و كوركيس عواد، الطبعة الاولى، مطبعة الرابطة-بغداد، (١٩٥٤م).
المعوش، د. سالم/
٧٧. عبدالله بن المقفع-مفكر و قضية، الطبعة الاولى، مؤسسة بحسون للنشر و التوزيع-بيروت، (٢٠٠٤م).
الشيخ محمد الخضر حسين/
٧٨. محمد رسول الله، الطبعة الاولى، مطبعة العلم-دمشق، (١٩٧١م).

محمود شيَت خطاب/
٧٩. قادة فتح بلاد فارس، الطبعة الاولى، بيروت، (١٩٦٥م).
المغلوث، سامي بن عبدالله/
٨٠. أطلس تاريخ الانبياء و الرسل، الطبعة السادسة، مكتبة العبيلكان-الرياض، (بلا).
ابومغلي، محمد وصفي/
٨١. ايران دراسة عامة، الطبعة الاولى، مطبعة جامعة البصرة-البصرة، (١٩٨٥م).
المكي، الطاهر احمد/
٨٢. امرؤ القيس-حياتة و شعرة، الطبعة الثانية، دار المعارف- القاهرة، (١٩٧٠م).
الندوي، ابوالحسن علي بن الحسين/
٨٣. ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين، الطبعة ارابعة، دار الجيل-بيروت، (بلا).
النشار، د. علي سامي/
٨٤. محاضرات في الفلسفة الاسلامية، الطبعة الاولى، بلا، (١٩٦٦م).
النعيمي، د. نزار محمد قادر/
٨٥. الجيش و تاثيراته في سياسة الدولة الاسلامية منذ تاسيسها و حتى سقوط بغداد (١-٦٥٦هـ/٦٢٢-١٢٥٨م)، الطبعة الاولى، دار المتنبي للنشر و التوزيع-أربد، (٢٠٠٥م).
هويدي، د. يحيى/
٨٦. نشاة الفكر الفلسفي في الاسلام، الطبعة الثالثة، بلا، (١٩٦٥م).

**سییەم: سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:**

**ا.سەرچاوە ڕەسەنەکان:**

**أبن اسفنديار، بهاالدين محمد بن حسن/(سده هفتم هجرى قمرى/سده سيزدههم ميلادى)**
**٨٧. تاريخ** طبرستان، **به تصحيح: عباس اقبال، چاپ اول، تهران، (١٣٢٠هـ.ش).**
**المستوفى القزوينى، حمدالله بن ابى بكر بن احمد بن نصر/(٧٥٠هـ/١٣٤٩م)**
**٨٨. تاريخ گزێده، با اهتمام: د.عبدالحسين نوابى، چاپ چهارم، چاپخانه سپهر-مؤسسه انتشارات امير كبير، تهران، (١٣٨١هـ.ش).**
**النرشخى، ابوبكر محمد بن جعفر بن على/(٣٤٨هـ/٩٥٩م)**
**٨٩. تاريخ بخارا، بتصحيح: محمد** رضوي، **چاپ أول، تهران، (١٣١٣هـ.ش).**

**ب. سەرچاوە نوییەکان:**

**أربرى، أ. ج و ديگران/**

٩٠. تاريخ اسلام، ترجمه: احمد ارام، چاپ چهارم، چاپخانه سپهر-تهران، (١٣٨١ه.ش).
ازاد مهر، شهباز/
٩١. تاريخ ايران از ديروز تا امروز، چاپ اول، چاپخانه سعيد-تهران، (١٣٨٢ه.ش).
اسلام نيا، فريدون/
٩٢. نگاهى به تاريخ ايران بعد از اسلام، چاپ اول، مؤسسه أنتشارت حسينى أصل-تهران، (١٣٨٣ه.ش).
اوشيدرى، د.جهانگير/
٩٣. دانشنامه مزديسنا، واژەنامه توضيحى أيين زردشت، چاپ أول، چاپخانەى سعدى-تهران، (١٣٧٧ه.ش).
بارتلمه، كريستيان/
٩٤. زن در حقوق ساسانى، ترجمه و ملحقات با مقدمەاى در تيپ شناسى و حقوقى و روانشناسى جنسى ايرانى ساسانى: د.ناصرالدين صاحب الزمانى، چاپ اول، مؤسسة مطبوعاتي عطائي-تهران، (١٣٤٢ه.ش).
بلك، انتونى/
٩٥. تاريخ انديشه سياسى اسلام از عصر پيامبر تا امروز، چاپ دوم، أنتشارات اطلاعات-تهران، (١٣٨٦ه.ش).
بهار، مهرداد/
٩٦. اديان اسيايى، چاپ اول، چاپ مهدى-نشر چشمه، تهران، (١٣٧٥ه.ش).
بويس، مرى/
٩٧. زردشتيان باورها و اداب دينى ان ها، ترجمه: عسكر بهرامى، چاپ ششم، انتشارات ققنوس-چاپ شمشاد، تهران، (١٣٨٤ه.ش).
توين بى، ارنولد/
٩٨. تاريخ تمدن-تحليلى از تاريخ جهان از اغاز تا عصر حاضر، ترجمه: يعقوب اژند، چاپ چهارم، انتشارات مولى-چاپخانه ايران مصور، تهران، (١٣٧٨ه.ش).
پيرنيا، حسن و عباس اقبال اشتيانى/
٩٩. تاريخ ايران-از اغاز تا انقراچ ساسانيان از صدر اسلام تا انقراض قاجاريه، چاپ دوم، انتشارات ميلاد-تهران، (١٣٨٥ه.ش).
پيكولوسكايا، ن. و. و ديگران/
١٠٠. ايران از دوران باستان تاپايان سده هجدهم، ترجمه: كريم كشاورز، چاپ پنجم، أنتشارات پيام، چاپخانه مروى- تهران، (١٣٦٣ه.ش).

تفضلي، د. احمد/

١٠١. **تاريخ ادبيات ايران پيش از اسلام، به كوشش: ژاله اموزگار، چاپ پنجم، انتشارات سخن–تهران، (١٣٨٧هـ.ش).**

**خيال امروهوى، د.سيدعلي تقوى مهدى/**

١٠٢. **عقايد مزدك، چاپ دوم،** مؤسسه مطبوعاتى عطائى–**چاپخانه پيام، تهران، (١٣٥٢هـ.ش).**

**دريايى، تورج/**

١٠٣. **شاهنشاهى ساسانى، ترجمه:** مرتضي ثاقب فر، **چاپ پنجم، انتشارات ققنوس–چاپ شمشاد–تهران، (١٣٩٠هـ.ش).**

**دياكونوف، ئى. م/**

١٠٤. **تاريخ ايران باستان، ترجمه: روحى ارباب، چاپ اول، نشر بنگاه و ترجمه و نشر كتاب–تهران، (١٣٢٦هـ.ش).**

رضا، عنايت الله/

١٠٥. **ايران و تركان در روزگار ساسانيان، چاپ چهارم، شركت انتشارات علمى و فرهنگى–تهران، (١٣٦٥هـ.ش).**

رضايي، عبدالعظيم/

١٠٦. **اهل و سنت دينهاى ايرانيان باستان، چاپ ششم، تهران، (١٣٨١هـ.ش).**

**زرين كوب، عبدالحسين/**

١٠٧. **تاريخ مردم ايران– ايران قبل از اسلام– كشمكش باقدرتها، چاپ أول، مؤسسه أنتشارات امير كبير– چاپخانه سپهر، تهران، ايران، ١٣٧٤هـ.ش.**

١٠٨. **دو قرن سكوت، چاپ اول، أنتشارات سخن–تهران، (١٣٧٨هـ.ش).**

**شاكد، شائول/**

١٠٩. **از ايران زردشتى تا اسلام–**مطالعاتى **درباره تاريخ دين و تماس هاى ميان فرهنگى، ترجمه:** مرتضي ثاقب فر، **چاپ اول، انتشارات ققنوس–چاپ شمشاد، تهران، (١٣٨١م).**

**شيپمان، كلاوس/**

١١٠. **مبانى تاريخ ساسانى، ترجمه: كيكاوس جيهاندارى، چاپ اول، نشر و پژوهش فرزان روز–تهران، (١٣٨٤هـ.ش).**

**شپولر، شپولر/**

تاريخ أيران در قرون نخستين اسلامى، ترجمه: جواد فلاطورى، چاپ أول، بنگاه وترجمه ونشر كتاب-تهران، (١٣٦٩ه.ش)

قديانى، عباس/

١١١. تاريخ اديان ومڑاهب در أيران، چاپ أول، أنتشارات انيس-تهران، ايران، (١٣٧٤ه.ش).

١١٢. تاريخ و فرهنگ و تمدن ايران در دوره ساسانيان، چاپ چهارم، انتشارات فرهنگ مكتوب-تهران، (١٣٨٧ه.ش).

كريستنسن، ارتور/

١١٣. سلطنت قباد و ظهور مزدك، ترجمه: نصرالله فلسفى، چاپ اول، نشريات مؤسسه خاور-تهران، (١٣٣٨ه.ش).

لاهورى، محمد اقبال/

١١٤. سير فلسفه در ايران، ترجمه: ا.ح.اريان پور، چاپ اول، مؤسسه فرهنگى و عمرانى منطقهاى تهران-نشريه شماره (٨)، تهران، (١٣٤٩ه.ش).

كوزين، فيليس/

١١٥. امپراگورى اسلامى، ترجمه: مهدى حقيقت خواه، چاپ اول، چاپ شمشاد-أنتشارات ققنوس-تهران، (١٣٨٦ه.ش).

ماسه، هانرى و ديگران/

١١٦. تمدن ساسانى، ترجمه: عيسى بهنام، چاپ اول، انتشارات بنگاه-مطبوعاتى گوتنبرگ-تهران، (١٣٣٩ه.ش).

مشكور، د. محمد جواد/

١١٧. خلاصه اديان در تاريخ دينهاى بزرگ، چاپ ششم، انتشارات شرق-چاپخانه نادر-تهران، (١٣٧٧ه.ش).

مفتخرى، د. حسين/

١١٨. خوارج در ايران تا اواخر قرن سوم هجرى، چاپ اول، نشر باز-تهران، (١٣٨٦ه.ش).

مقتدر، غلام محسين/

١١٩. جنگهاى هفتصدساله ايران و روم، ويراستار: على اصغر عبدالهى، چاپ اول، انتشارات دنياى كتاب-چاپ پيك ايران، تهران، (١٣٨٩ه.ش).

مهر، د. فرهنگ/

١٢٠. ديدى نو از دينى كهن-فلسفهى زرتشت، چاپ هفتم، نشر جامى-تهران، (١٣٨٧ه.ش).

میر احمدی، د. مریم/
١٢١. كتابشانسی تاریخ ایران در زمان باستان، چاپ اول، انتشارات امیر كبیر–چاپخانه سپهر، تهران، (١٣٦٩هـ.ش).
نچكینا، م. و و دیگران/
١٢٢. تاریخ مختصر ایران، ترجمه: محمد تقی فرامرزی، چاپ اول، چاپخانه نقش جهان–أنتشارات دنیا، تهران، (٢٥٣٦شاهنشاهی).
نراقی، حسن/
١٢٣. چكیده تاریخ ایران از كوچ ارایایی ها تا پایان سلسله پهلوی، چاپ نهم، نشر اختران–تهران، (١٣٨٦هـ.ش).
نفیسی، سعید/
١٢٤. بابك خرم دین، چاپ دوم، چاپخانه مهدی–تهران، (١٣٨٨هـ.ش).
١٢٥. تاریخ تمدن ساسانی، چاپ أول، أنتشارات دانشگاه تهران، تهران، (١٢٣١هـ.ش).
ولادیمیر، استرویوا لودمیلا/
١٢٦. تاریخ اسماعیلیان در ایران در سدهای (٥–٧هـ/١١–١٣م)، چاپ اول، نشر أشاره–تهران، (١٣٨٦هـ.ش).
ویدن گرن، گئو/
١٢٧. دینهای أیرانی، ترجمه: د.منوچهر فرهنگ، چاپ أول، چاپخانه وزارت فرهنگ ارشاد اسلامی– انتشارات اگاهان ایده، تهران، (١٣٧٧هـ.ش).
١٢٨. مانی وتعلیمات او، ترجمه: نزهت صفای اصفهانی، چاپ أول، چاپ نوبهار– تهران، (١٣٧٧هـ. ش).
ویسهوفر، یوزف/
١٢٩. أیران باستان (از ٥٥٠ بیش از میلاد تا ٤٥٠ پش از میلاد)، ترجمه: مرتضي ثاقب فر، چاپ سوم، أنتشارات ققنوس–چاپخانه شمشاد–تهران، (١٣٧٨هـ.ش).
چوارەم: سەرچاوەكان بە زمانی كوردی:
زەند، كریم/
١٣٠. ئایین باوەڕ لە كوردستاندا، چاپی یەكەم، چاپخانەی كامەرانی–سلێمانی، (١٩٧١ز).
١٣١. زمانی كوردی و هونەری وەرگێران، چاپی یەكەم، چاپخانەی كامەرانی– سلێمانی، (١٩٧٧ز).
كەیوان ئازاد ئەنوەر/

**١٣٢. مانیزم (لیکۆڵینەوەیەکی مێژویی- ئاییینی)یە، چاپی یەکەم، سەنتەری لیکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، (٢٠٠٤ز).**

**پینجەم: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

Quoted in Philip K Hitti:
133. History of the Arads 10th ed, New York, (1970A.C).
Quoted in G.E.von Grunebaum:
134. Classical Islamic A History 600A.D-1258A.D, Chicago, (1970A.C).

**شەشەم: توێژینەوە زانستییەکان:**

المحل، سالم أحمد/

١٣٥. العلاقات العربية الساسانية خلال القرنين اخامس و السادس للميلاد، رسالة ماجستر غير المنشورة مقدمة الى كلية الاداب-جامعة الموصل-الموصل، (١٩٨١م).

ملخص البحث باللغة العربية

تعتبر الديانة المزدكية أحدى الديانات الايرانية القديمة التي تركت أثارها علي الدولة الساسانية فقط، بل بقيَت أثارها على دولة العباسية بالاخص في عصرها الاول. والسبب يرجع الى مساندة الايرانيين ودعمهم في اسقاط الدولة الاموية مقابل أعطاء امتيازات لهم بعد وصولهم الى السلطة. ومن بين هؤلاء الذي ناضل من أجله (ابي مسلم الخراساني) الذي جمع الخراسانيين لقيام الدعوة العباسية ومواجهة الامويين في أسقاط دولتهم سنة (١٣٢هـ/٧٥٠م). وهذه المساندة من قبل الايرانيين ليس الا من أجل أرجاع قوتهم و مجدهم في الماضي عن طريق العائلة و الدولة العباسية. لكن عندما وصل العباسيون الى السلطة، لم يوفوا بعهدهم، بل واجهوهم وقاموا بقتل زعميهم (ابي مسلم الخراساني) الذي اعطى تلك الحدث فرصة للايرانيين و معتنقي الديانة المزدكية أنتقام دم (أبي مسلم) للقيام ضد الدولة العباسية من أجل أرجاع مجدهم الماضي و أنتشار أفكارهم و عقائدهم بين الناس. وقاموا بعدة حركات و أنتفاضات و ثورات من أجل ذلك لأضعاف الدولة و أسقاطها. ومن بين تلك الانتفاضات و الثورات التي قاموا به هؤلاء حركات (بها فريد و سنباذ و المقنع الخراساني و بابك الخرمي...الخ). لكن نهاية كل الحركات و الثورات المناوئة للسلطة باءت بالفشل.

أما فيما يخص المزدكية هم أتباع (مزدك بن بامداد) تلك الشخصية الدينية التي ظهرت بدين جديد و من بطن الامبراطورية الساسانية وهددت كيان الديانة الزرادشتية دين الدولة في ذلك الوقت. ورغم أن هذا الدين اعتبر الدين الرسمي في عهد قباد الاول الساساني سنة (٤٨٨م) لمدة عشرة سنوات لكن أنتهي أمره بموت زعيمه من قبل (كسرا انوشيروان) سنة (٥٣٦م) في تيسفون العاصمة وحاربوا من أتبعه. لكن رغم قتل زعيمهم و محاربة أتباعه فقد بقيَت هذا الدين لعدة قرون و أثرت تاثيرا علي دولة الخلافة العباسية في عصرها الاول لمدة قرن من الزمان و حتي في عصرها الثاني و الثالث.

من هنا ولغرض تسلط الضوء علي بعض جوانب و تاثيراته علي دولة الخلافة، أخترنا موضوعا هذا تحت عنوان (مؤثرات الديانة المزدكية علي دولة الخلافة العباسية في عصرها الاول). ولغرض هذا الامر أعتمدنا علي أكثر من مئة مصدر و مرجع باللغات العربية و الفارسية و الكردية و الانكليزية، ثم قارننا المصادر و المراجع من أجل الوصول الى

حقائق تاريخية و تاثير المزدكية على الدولة العباسية. وفي بادي الامر أشرنا الى شخصية (مزدك بن بامداد) تاريخه و حياته و أهم العقائد التي جاء بها و اثاراها علي دولة الخلافة العباسية في عصرها الاول. ثم أختتمنا بحثنا هذا بعدة نتائج التي وصل اليه الباحث و هذا ومن الله التوفيق.


Abstract

Mazdaki is considered to be one of the ancient Iranian religions that have left marks not only on the Sassanid Empire but also on Abbasid Empire. The reason was that the Abbasids relied on non-Arabs including the Iranians to topple the Umayyad Caliphate and get to power. They pledged to compensate their sacrifices when they took power. A distinguished character called Abu Muslim Khurasani cooperated with the Abbasids, championed their cause and played a leading role in helping them to seize power. Having gained power, the Abbasids reneged on their earlier promise and took a hostile position against them, instead, and murdered Abu Muslim Khurasani – an event that turned to an opportunity for Mazdaki followers to rebel to get back their previous achievements. Rawandi and Khurami as two branches of Mazdaki confronted the Abbasid Caliphate but they were finally defeated by overwhelming power of the Caliphate.

Mazdkians were followers of Mazdak, Bamdad's son, who rose in 488 AD at Sassanid Qabad I. He was a religious man and appeared from Sassanid Empire. Mazdak attacked Zoroastrianism, which was the state religion for ten years. Later, the Sassanid authorities became hostile and Sassanid Anawshirwan ordered him to be eliminated in 536, although the religion continued up to more modern times.

To write this paper, the authors have used more than one hundred references in Arabic, Kurdish, Persian, and English. First, the history of Mazdak's name and personality has been explored to find out its etymology, family and place of birth. Second, Mazdaki religion and the views of theologists, historians, and orientalists have been discussed. Next, the significance of Mazdakifon Abbasid Caliphate during Abbas I has been addressed to realize its influences over the state.  The bibliography and the abstract in English and Arabic come at the end of the paper.